### عێراق لە ژووری نەشتەرگەری کۆنگرێسدا

# پارێزگاری لە وڵاتێک یان قبوڵکردنی ٣ دەوڵەت






((وەک پێشتریش پێشنیارم کردووە، نابێت لە بڵاوەپێکردنی هێزەکانمان لە عێراقدا تەنیا بۆ پشتگیری هێزە چەکدارەکانی عێراق بێت، بەڵکو پێویستە پشتگیری ئێمە بۆ هێزە چەکدارەکانی عێراق و هێزی پێشمەرگە و چەکداری هۆزەکانی سوننە بێت. ئەمەش لە پێناوی ئەوەی پێوەندییەکی باشمان لەگەڵ لایەنە میانڕۆکانی هەرسێ پێکهاتەی سەرەکی عێراقدا هەبێت.

ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە ئێمە دەستبەردای دیوەزمەی عێراق بین؟ نەخێر پێویست نییە، لەبەر ئەوە هیچ پلانێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی عێراق هەتا ئێستا نییە کە لەسەر ئاستی جیهان پەسەندکراو بێت، هەروەها زۆر قورسیشە کۆمەڵگەیەکی تێکەڵ دابەش بکرێت، بۆ نموونە موسڵ دابەش بکرێت لە نێوان کورد و عەرەب یان بەغدا لە نێوان شیعە و سوننە دابەشبکرێت، بەڵام لانی کەم پێویستە ئێمە دان بەوەدا بنێین ئێستا بە ئەمری واقیع عێراق دابەش بووە و بە کردەیی بوونی هەیە، بۆیە پێویستە لەسەر ئەو چوارچێوەیەدا کار بکەین کە هاوپەیمانە ڕاستەقینەکانی خۆمان بدۆزینەوە، هەروەها دەبێت گوشاری زیاتر بکەین بۆ ئەوەی چاکسازی لە پرۆسەی سیاسیی لەسەر ئاستی نیشتمانی بێتە ئاراوە. وڵاتێکی فرەیی وەک عێراق پێویستی بە سیستمێکی بەهێزی فیدرالیە بۆ ئەوەی بمێنێتەوە.

ئێستا لە عێراقدا ئەو هاوپەیمانەی دەتوانین پشتی پێببەستین، حکومەتی هەرێمی کوردستانە. بۆیە پێویستە ئێمە سوود لەو پێشنیارەیان وەربگرین بۆ ئەوەی میوانداری هێزەکانی ئەمریکا بکەن، بەبێ هیچ کاردانەوەیەکی توندی بەغدا (ئەمەش دەبێتە پێگەیەکی باش بۆ ناردنی سەرکردایەتی تایبەتی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش بۆ هێرشکردنە سەر داعش لە دەوروبەری موسڵ). بە هەمان شێوە پێویست نییە ئێمە ڕێگری لە فرۆشتنی نەوتی کوردستان بکەین، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەغدا توڕە بێت.

بەڵام لە کاتێکدا کورد باشترین هاوپەیمانی ئەمریکابن لە عێراقدا و هۆزە سوننەکان فاکتەرێکی زۆر گرنگ بن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، ئەوا دەبێت پشتگیری سوننە بکرێت.

ئێستا لە نێو بزووتنەوەی یاخیبووانی سوننە درز و کەلێنی گەورە هەیە لە نێوان سەدامیەکان و چەکدارانی داعش، لە نێوان ئیسلامیە ئسوڵیە توندڕۆکان و سۆلارییەکاندا،



بۆیە پێویستە ئەمە لەلایەن سوپای ئەمریکی و دیپلۆماتیەت و هێزی هەواڵگرییەوە بە جوانی کاری لەسەر بکرێت، دەبێت هەستی تیرەگەری و نەتەوەییان لەبەر چاوبگیرێت.

ئێستا ئەوەی لەمڕۆدا پێویستە بیکەین ئەوەیە، چۆن هۆزەکانی عەرەبی سوننە بکەینە دژی داعش. هەروەها چۆن هەوڵبدەین سەرکردایەتی عێراق لە بەغدا بگۆڕێت، بەڵام ئەوەی پێویستە ئێمە لەسەری بەردەوام بین ئەوەیە، لەگەڵ هەرسێ کارەکتەرە سەرەکیەکە کار بکەین بێ ئەوەی سەیری ئەوە بکەین چی لە بەغدا ڕوودەدات)).

پرۆفیسۆر ماکس بوت

لەبەردەم لیژنەی سەربازی کۆنگرێس ٢٩ تەممووزی ٢٠١٤

ڕۆژی ٢٩ی تەمموزی ٢٠١٤ لیژنەی سەربازی لە کۆنگرێسی ئەمریکا دوو دانیستنی گوێگرتنی بۆ هەریەك لە پرۆفیسۆر ماکس بوت گەورە تۆژەری دیراساتی ئاسایشی نیشتمانی لە ئامۆژگای ئەنجوومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە و هەروەها بۆ پرۆفیسۆر ستیفن بیدڵ ڕاوێژکاری پێشووی دافید پەتریۆس بۆ دروستکردنی هێزەکانی سەحوە لە ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٨ لە عێراق، سازکرد. لە دانیشتنی یەکەمدا کە پرۆفیسۆر ماکس بوت پێشکەشی کرد بە ناونیشانی (ستراتیژیەتی تێکشکاندنی داعش لە سوریا و عێراق) لە دانیشتنی دووهەمیشدا کە پرۆفیسۆر ستیڤن بیدڵ پێشکەشی کرد بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی بژاردەکانی ئەمریکا لە عێراقدا).

ئەوەی لەم دانیشتنە و لە باسەکانی هەردوو پرۆفیسۆر جێگەی سەرنجن، ئەوەیە هەردووکیان هۆشداری دەدەنە لیژنەی سەربازی کۆنگرێس بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی جددی و بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ واقیعی تازەی عێراقی پاش ڕووداوەکانی موسڵ بکەن و چیدیکە وەك دوای ساڵی ٢٠١١ مامەڵە لەگەڵ حکومەتی بەغدا نەکرێت کە بووە هۆکاری ئەوەی عێراق ئەو کارەساتە گەورەیەی بەسەر بێت.

پرۆفیسۆر بیدڵ بە ئامار هۆشداری دەداتە لیژنەی سەربازی کۆنگرێس، بەوەی ئەوەی ئێستا لە عێراقدا ڕوودەدات و هێزەکانی داعش ئیستغلالیان کردووە، دەرهاویشتەی ئەو میتۆدە مەزهەبییەیە کە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەماوەی ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٤ دژی عەرەبی سوننە پیادەی کردووە، هەربۆیە عەرەبی سوننە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە بەو جۆرە سەیری داعش بکات کە پشتگیریکردنی داعش لە ژینۆسایدی حکومەتەکەی مالیکی لە بەغدا باشترە، بۆیە پرۆفیسۆر بیدڵ ئەم بارودۆخەی ئێستای عێراق پێش ئەوەی وەك شەڕی دژە تیرۆر پێناسەی بکات، وەك شەڕی ناوخۆ لێی دەڕوانێت، هەر لە ڕوانگەی شەڕی ناوخۆشەوە شرۆڤەی بارودۆخەکە دەکات و لەمبارەوە ئاماژەی بەوەکردووە(لە ساڵانی ١٩٤٥ -٢٠٠٤ و لە میانەی ١٢٨ شەڕی ناوخۆدا، تەنیا ٣٢ حاڵەتی ئەو شەڕانە لەماوەی دوو ساڵ کۆتایی هاتووە، زۆربەیان نزیکەی ٧-١٠ ساڵی خایاندووە، بەشی هەرە زۆری شەڕەکانیش بەدوو جۆر کۆتاییان هاتووە، یان ئەوەبووە لایەنێك زۆر بەهێز بووە و لایەنە بێهێزەکە ملی کەچ کردووە، یان بە دانوستاندن کۆتایی هاتووە، شێوازی دانوستاندن ماوەی شەڕەکە کورت دەکاتەوە، بەڵام ڕەخساندنی زەمینەی دانوستاندنیش تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەبێت ئامادەباشی بۆ بکرێت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت لە عێراقدا ئەم بارە ئاڵۆزە بە دانوستاندن چارەسەر بکەین، ئەوا دەبێت بزانین چۆن زەمینە بۆ ئەو دانوستاندنە دروست دەکەین و چۆن ئەو قەناعەتە لای عەرەبی سوننە دروست دەکەین کە دژی داعش ڕابووەستێت و پشتگیری نەکات).

**ئەگەر بمانەوێت لە عێراقدا ئەم بارە ئاڵۆزە بە دانوستاندن چارەسەر بکەین، ئەوا دەبێت بزانین چۆن زەمینە بۆ ئەو دانوستاندنە دروست دەکەین و چۆن ئەو قەناعەتە لای عەرەبی سوننە دروست دەکەین کە دژی داعش ڕابووەستێت و پشتگیری نەکات**

پرۆفیسۆر بیدڵ کە بەیەکەم کەس دادەنرێت لەسەر ئاستی ئەمریکا کە توانی پرسی پێویستی زیادکردنی هێز بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠٠٦ لە ئەمریکا بورووژێنێت و دواتر سەرۆك بوش گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە بە پەلە هێز بۆ عێراق ڕەوانە بکرێت لە چوارچێوەی پرۆسەی (surge)، ئەمجارەشیان بژاردەکانی بەردەم ئەمریکا لە ٣ بژاردە چڕ دەکاتەوە کە بریتین لە:

١. هاوکاری بێ مەرج بۆ هێزەکانی عێراق.
٢. هاوکاری بە مەرج بۆ هێزەکانی عێراق.
٣. جلەوگیرکردنی بارودۆخەکە.

بیدڵ کە بەشێوەیەکی مەیدانی لە عێراقدا کاری کردووە و لەنزیکەوە ئاگاداری ڕەفتارەکانی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراقە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هاوکاری بێ مەرج بریتی دەبێت لە (ناردنی چەك، ڕاهێنەران بۆ مەشقپێکردنی هێزەکانی عێراق، ڕاوێژکاران، هاوکاری هەواڵگری، فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و هێرشی ئاسمانی)، دەبێتە هۆکاری ئەوەی شەڕێکی درێژخایەنی ناوخۆی مەزهەبی لە عێراقدا دروست بێت، ڕاستە لەسەرەتاوە ئەم یارمەتیانە دەبنە هۆکاری ئەوەی مالیکی یان جێگرەوەکەی مالیکی ئاراستەی شەڕەکە بە ئاسانی بگۆڕن و بۆ بەرژەوەندی حکومەتی بەغدا بشکێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی حاڵەتی پەراوێزخستنی پێکهاتەکانی دیکە بەردەوام بێت و لە بەرامبەریش یاخیبوون درێژەی هەبێت، لەم حاڵەتە ئەگەر پێکهاتەی سوننە بە نموونە وەربگرین، ئەوا کاتێك سوننە لەسەر ئەرزی واقیع نەبینیت کە متمانەی بە حکومەتی بەغدا بێت، ئەوا هەتا توانای هەبێت درێژە بە شەڕەکە دەدات.

**پرۆفیسۆر بیدڵ هاوکاری بە مەرج بۆ هێزەکانی عێراق لەنێو بژاردە خراپەکاندا بە باشترین ڕێگە دەزانێت و راسپاردە دەداتە لیژنەی سەربازی کۆنگرێس بۆ ئەوەی لەگەڵ بژاردەی هاوکاری بە مەرج لەگەڵ عێراق مامەڵە بکات**

بۆیە پرۆفیسۆر بیدڵ هاوکاری بە مەرج بۆ هێزەکانی عێراق لەنێو بژاردە خراپەکاندا بە باشترین ڕێگە دەزانێت و راسپاردە دەداتە لیژنەی سەربازی کۆنگرێس بۆ ئەوەی لەگەڵ بژاردەی هاوکاری بە مەرج لەگەڵ عێراق مامەڵە بکات، ئەوجا نوری مالیکی سەرۆك وەزیران بێت یان هەرکەسێکی دیکە، ئەمەش بەو مانایەی هاوکاری بەمەرج ببێتە گوشارێك بۆ ئەوەی:

١. سوپای عێراق لە سوپایەکی مەزهەبییەوە کە تەنیا سیاسەتەکانی سەرۆك وەزیران جێبەجێ دەکات، ببێتە

**بۆ ئەوەی بتوانین یەکپارچەیی عێراق بگێڕینەوە، ئەوا دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەمری واقیعی دابەشبوونی عێراق بکەین و مامەڵە لەگەڵ هەر سێ کارەکتەرە سەرەکیەکەی هەر سێ پێکهاتە سەرەکیەکەی عێراق ڕاستەوخۆ بکەین، ئەمەش بەوجۆرە دەبێت نابێت گوێ بدەینە ئەوەی بەغدا لەم کارە تووڕە دەبێت یان نە**

**ماکس بوت، هەرێمی کوردستان وەک باشترین و تەنیا هاوپەیمانی ئەمریکا لە عێراقدا دەخاتە ڕوو و ئاماژە بەوە دەکات دەبێت پێشوازی لەو پێشنیارەی کوردستان بکەین بەوەی ئامادەن پێشوازی لە هێزەکانی ئەمریکا لەسەر خاکی کوردستان بکەن. لەمەش زیاتر داوا لە کۆنگرێس دەکات کە ڕێگری لە فرۆشتنی نەوتی کوردستان نەکرێت**

سوپایەکی پرۆفیشنیاڵ و بەرگری لەهەموو عێراقیەکان بکات.

٢. ئەو خەڵکانەی کە پێش ساڵی ٢٠١١ لەسەر بنەمای پرۆفیشنیاڵی لە سوپا و هێزە چەکدارەکان دانراون و پاشتر مالیکی گۆڕینی بە کەسە نزیکەکانی خۆی، دووبارە بکرێنەوە بە کەسانی پرۆفیشنیاڵ و تەنیا ئەرکی سەربازی جێبەجێ بکەن و تێکەڵاوی سیاسەت نەبن.

٣. ئەو هاوکارییە بە مەرجە هۆکارێك بێت بۆ ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی و پێکهێنانی حکومەتی شەراکەت لە نێو عێراقیەکاندا.

٤. کاتێك هاوکاری بە مەرج توانی ئەم زەمینەیە بێنێتە ئاراوە، ئەوا ئەوکات دەتوانرێت بیر لەوە بکرێتەوە وەك ساڵی ٢٠٠٦ -٢٠٠٨ هێزەکانی سوننە تەیار بکرێن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی چەکدارانی داعش ببنەوە، هەروەك چۆن لە ٢٠٠٦-٢٠٠٨ توانیان قاعیدە تێکبشکێنن و لە٩٠٪ی بارودۆخەکە هێور بکەنەوە.

بۆیە پرۆفیسۆر بیدڵ مەسەلەی چارەسەرکردنی بارودۆخی عێراق بە کارێکی بە پەلە نازانێت و ئەو پێیوایە لە باشترین حاڵەتەدا دەبێت ئەمریکا بەوجۆرە سیاسەتی خۆی لەبەرامبەر عێراق ڕێکبخاتەوە، کە ماوەی شەڕەکە لە ٧-١٠ ساڵەوە کەمبکاتەوە بۆ دووساڵ، ئەم پێشبینییە کە لەوانەیە لەسەرەتاوە بە ماوەیەکی زۆر لە قەڵەم بدرێت، بەڵام پرۆفیسۆر بیدڵ ئەو ماوەیەشی گرێداوەتەوە بەوەی چۆن ئەو سیاسەتە لەماوەی دوو ساڵدا بەبێ هەڵە جێبەجێ دەکرێت و چۆن ئەمریکا هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات.

### ● دێوەزمەی یەکپارچەیی عێراق لەسیاسەتی ئیدارەی ئەمریکادا

پرۆفیسۆر ماکس بوت لەسەرەتای باسەکەیدا مەترسی ئەو مەترسییە دەخاتە پێش چاو و ترسی ئەوەی هەیە هەمان سیناریۆی سوریا لە عێراق دووبارە بێتەوە، بەوەی لە ساڵی ٢٠١١ ئەمریکا دەیتوانی پارسەنگی هێز لەسەر ئەرز لە سوریا بگۆڕێت و ڕژێمی ئەسەد بڕووخێنێت، بەڵام ئەمەی دواخست هەتا گەیشتە ئەو ئاستەی ئێستا لە دۆسێی سوریادا کەوتۆتە نێوان دوو لایەنی توندڕۆی شیعەو سوننە کە قاعیدە و حزبوڵڵان و هەردووکیان ئەمریکا بە شەیتانی گەورە ناودەبەن. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا بەوجۆرە ڕاسپاردە دەداتە لیژنەی سەربازی کۆنگرێس کە باسکردنی واقیعی دابەشبووی عێراق مانای ئەوە نییە وازمان لە یەکپارچەیی عێراق هێنابێت، بەڵام واقیع شتێکە و جەختکردنەوە لەسەر شتێك کە بوونی نەماوە شتێکی دیکەیە، هەر بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین یەکپارچەیی عێراق بگێڕینەوە، ئەوا دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەمری واقیعی دابەشبوونی عێراق بکەین و مامەڵە لەگەڵ هەرسێ کارەکتەرە سەرەکیەکەی هەر سێ پێکهاتە سەرەکیەکەی عێراق ڕاستەوخۆ بکەین، ئەمەش بەوجۆرە دەبێت نابێت گوێ بدەینە ئەوەی بەغدا لەم کارە تووڕە دەبێت یان نە.


ئەم ڕاسپاردەیەی ماکس بوت، بە ئاگا هێنانەوەی ئیدارەی کۆشکی سپیە لەوەی ناکرێت لە پێناوی ئامانجێکدا کە ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع بوونی نەماوە، ڕێگە بدرێت کارەساتێکی مرۆیی هاوشێوەی ئەوەی لەسوریا ڕوویدا لە عێراق دووبارە بێتەوە و سەرەنجامیش نە دەتوانرێت شەڕی دژە تیرۆر بکرێت و نە دەشتوانرێت ئەمریکا لە زیانێکی گەورەی ئابووری دوور بخرێتەوە. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بەوەی پێویستە مامەڵە لەگەڵ واقیعەکە بکرێت، واقیعەکەش ئەوەیە ئێستا عێراق دابەش بووە.

ئەم بۆچوونەی ماکس بوت خستنەڕووی ئەو واقیعەیە چۆن ٣ وڵات دەکرێتەوە بە وڵاتێك، نەك چۆن ڕێگە لەوە دەگیرێت عێراق ببێتە ٣ پارچە.

لێرەوە ئەگەر سەیری ئەو میکانیزمەی سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك ئۆباما بکەین کە لە ٢٠١١ـەوە بەرامبەر عێراق پیادەی دەکات، هەست دەکەین بریتی بووە لە چاوپۆشین لەهەموو سیاسەتە مەزهەبی و تاکڕەوییەکانی نوری مالیکی بۆ ئەوەی عێراق بە یەکپارچەیی بهێڵێتەوە، بەڵام وەك لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ لە مێزگردێکی فورن ئەفێرز دیسان ماکس بوت ئاماژەی پێکرد، دەرکەوت سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك ئۆباما بەرامبەر بە عێراق فەشەلی هێناو ئەوەی سەرۆك بوش لە پرۆسەی زیادکردنی بەپەلەی هێز لە ٢٠٠٨ بەدەستی هێنا، لەماوەی ٢٠١١ – ٢٠١٣ ئیدارەی سەرۆك ئۆباما دۆڕاندنی.

لێرەوە ماکس بوت هۆشداری دەدات بەوەی چۆن ئەو سیاسەتە فاشیلە ڕاست دەکرێتەوە و چۆن لەم بارودۆخە ئاڵۆز و قەیراناویەدا ئەمریکا هاوپەیمانی ڕاستەقینەی خۆی دەدۆزێتەوە. بۆ ئەمەش دیارە ماکس بوت، هەرێمی کوردستان وەك باشترین و تەنیا هاوپەیمانی ئەمریکا لە عێراقدا دەخاتە ڕوو و ئاماژە بەوە دەکات دەبێت پێشوازی لەو پێشنیارەی کوردستان بکەین بەوەی ئامادەن پێشوازی لە هێزەکانی ئەمریکا لەسەر خاکی کوردستان بکەن. لەمەش زیاتر داوا لە کۆنگرێس دەکات کە ڕێگری لە فرۆشتنی نەوتی کوردستان نەکرێت.

کەواتە ئەگەر ئەمریکا سیاسەتی بەو جۆرەش بێت کە




بیەوێت عێراق لەبەر یەك هەڵنەوەشێت، ئەوا باشترە ڕێگری لەوە بکات پریشکی ئەو دابەشبوونە دەوروبەر بگرێتەوە، چونکە بەپێی ئامارێك لە میانەی ١٤٢ شەڕی ناوخۆ کە لە ساڵانی ١٩٥٠-١٩٩٩ ڕوویانداوە ٦١ یان ڕووبەڕووی دەستێوەردانی دەرەکی لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێوە بوونەتەوەو ئێستاش لە عێراق و سوریا بە ڕاشکاوی نەك هەر دەستێوەردان بوونی هەیە، بەڵکو هێزی دەوڵەتانی دراوسێ بە ئاشکرا لە دیمەشق و بەغدا دەبینرێن و هەر ئەو هێزانەن کە ئەسەد و مالیکیان لە دەسەڵاتدا هێشتۆتەوە.

هەربۆیە مامەڵەی دروست لەگەڵ بارودۆخی عێراق نابێت بەو جۆرە بێت کە پارێزگاری لە یەکپارچەیی عێراق بکرێت، لەبەر ئەوەی یەکپارچەیی عێراق بۆتە بەشێك لە ڕابردوو و بوونی نەماوە و ئێستا دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە چۆن ئەم سێ وڵاتە و ئەم سێ سیستمە جیاوازە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی تازەدا پێکەوە کۆدەکرێتەوە، سەبارەت بە میکانیزمی یەکخستنەوەی ئەم سێ وڵاتە پێکەوە ستوونن‌ووسی بە ناوبانگی واشنتۆن پۆست دیڤید ئیگناشیوس لە وتووێژێکی تایبەتی لەگەڵ گوڵان جەختی لەوە کردۆتەوە کە باشترین ڕێگە بۆ مانەوەی عێراق، ڕێکخستنەوەی عێراقە لە چوارچێوەیەی یەکێتیەکی کۆنفیدرالیدا، ئەمەش مانای ئەوەیە وەك ماکس بوت ڕاشکاوانە ئاماژەی پێکردووە ئەو ئەمری واقیعە قبوڵ بکرێت کە هەیە پاشان بیر لەو میکانیزمە بکرێتەوە چۆن ئەم سێ وڵاتە دابەش بووە پێکەوە کۆبکرێنەوە.

## ● هێزی پێشمەرگەی کوردستان جیهانی سەرسام کردووە

جۆناسان فۆرمان لە وتارێکیدا کە ڕۆژی ٢٩ی تەمموز لە گۆڤاری نیوزویك بە ناونیشانی (ئایا سەربەخۆیی کوردستان نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت؟) سەبارەت بە گرنگی پێدانی چەك بە هێزی پێشمەرگەی

**مامەڵەی دروست لەگەڵ بارودۆخی عێراق نابێت بەو جۆرە بێت کە پارێزگاری لە یەکپارچەیی عێراق بکرێت، لەبەر ئەوەی یەکپارچەیی عێراق بۆتە بەشێك لە ڕابردوو و بوونی نەماوە و ئێستا دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە چۆن ئەم سێ وڵاتە و ئەم سێ سیستمە جیاوازە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی تازەدا پێکەوە کۆدەکرێتەوە**

کوردستان پرســیاری لە باڵیۆز پیتەر گالبریس کردووە بۆچی ئەمریکا چەك نادات بە پێشــمەرگە؟ لەوەڵامدا بە شــێوەیەکی گاڵتەجاڕی گالبریس وەڵامی نیوزیوك دەداتەوە و دەڵێت: (ئەمریکا هێزەکانی داعشــی پڕچەك کردووە!! بەڵام ئامادە نییە چەك بدات بە پێشمەرگە)).
ئــەم وەڵامە گاڵتەجاڕییەی گالبریس وەك شــارەزایەك لە کاروباری عێــراق و کوردســـتان، وەڵامدانەوەیەکی ڕاشکاوانەیە بۆ هەڵوێســـتی چەندین ساڵی ڕابردووی ئیدارەی ئەمریکا کە گوشاری نەختە سەر حکومەتی مالیکی بۆ ئەوەی هێزی پێشــمەرگەی کوردستان وەك بەشێك لە سیستمی بەرگری عێراق بودجە و مووچەی بۆ دابین بکرێت و، لەبەرامبەردا ســوپایەکی مەزهەبی و فشــۆلی ئەوتۆی چەکدار کرد، سەرجەم چەکەکانی ٨ فیرقەی تەســلیم بە تیرۆریستانی داعش کرد، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کە ئێســـتادا هەموو جیهان بە چاوی خۆی دەبینێت، ســوپا فشۆڵەکەی مالیکی بەو هەموو چــەك و ئامێرە مۆدێرنەوە هەڵات و پێشــمەرگەش بەو ئیمکانییەتە کەمە و ئەو چەکە کۆنانەی لەبەردەستیەتی توانیوویەتی بەرامبەر تیرۆریســـتان ڕابووەســـتێت، ئەوا هەموو جیهان لەبەرامبەر ئیرادەی پێشــمەرگە سەرسام بووەو، هــەر ئەمەش وایکــردووە کە پێشـــنیاری ئەوە بکرێت سەرکردایەتی هاوبەش بۆ ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە کوردســـتانەوە بــۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریســـتان دابمەزرێــت، دیــارە دامەزراندنی ئەم ســەرکردایەتیە هاوبەشــەش ئەگەر وەك پێشنیار ببێتە پراکتیك، ئەوا بە هەمان ئاستی هاوکاری پێشتری هێزەکانی ئەمریکا بۆ هێزە چەکدارەکانی عێراق، هاوکاری هێزی پێشــمەرگە دەکرێت، ئەو هاوکاریانەش وەك پرۆفیسۆر بیدڵ لەبەردەم لیژنەی ســەربازی کۆنگرێس ئاماژەی پێکردووە بریتی دەبێت لە (ناردنی چەك، ڕاهێنەران، ڕاوێژکاران، هاوکاری هەواڵگری، پشــتگیری بە فڕۆکــەی بێ فڕۆکەوان و هێرشی ئاسمانی بۆ هێزە هاوبەشەکە).

بەڵام پرسیار ئەوەیە تاچەند لیژنەی سەربازی کۆنگرێس بــەم پێشـــنیارە ڕازی دەبێت و دەبێتــە بڕیار بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ وەك هێزێکی هاوپەیمان مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزی پێشــمەرگە بکرێت، سەبارەت بەم لایەنە بەڕێز هۆشــیار زێباری لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵان و لەم ژمارەیە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بەوەکرد، هەندێك ئیشکالیاتی یاســایی هەیە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ چەك بدرێتە پێشــمەرگە، بەڵام هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن کە شێوازێك بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالیەتە یاساییە چارەسەر بکرێت و چەندین وڵات ئامادەباشی پیشانداوە چەك بە پێشمەرگە بدەن.

**بۆ ئەوەی بەرەی دژە تیرۆر لەم ناوچە شلەژاوە باشتر بتوانێت شەڕی تیرۆر بکات، هەقە هەوڵبدرێت لەڕووی چەک و تەکنەلۆژیای نوێی سەربازییەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەموو ئەو ئیمکانییەتەی بخرێتە بەردەست کە هاوپەیمانەکانی لە هاوپەیمانی شەڕی دژە تیرۆر لەبەر دەستیانە**

پێدەچێ چارەســەرکردنی ئەو ئیشــکالیەتە یاساییەی وەزیــری دەرەوەی عێراق ئاماژەی پێکردووە، گەڕان بێت بەدوای ئەو میکانیزمەی کە ماکس بوت لە باسەکەیدا لەبەردەم لیژنەی بەرگری کۆنگرێس ئاماژەی پێکردووە، ئەمەش بــەو مانایەی لەم ســاتەدا واز لە دێوەزمەی یەکپارچەیی عێراق بهێنن و بەدوای سیاسەتێکدا بگەڕێن چۆن ســێ وڵات جارێکی دیکە پێکەوە کۆبکاتەوە. لەم حاڵەتەشدا واقیعی تازە پێویستی بەوە دەبێت کە مامەڵەی ڕاســتەوخۆ لەگەڵ کوردســـتان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکرێت.

## ● مانۆڕی سەربازی هاوبەش لە نێوان هاوپەیمانی دژە تیرۆردا

لەســەر ئاســتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو هێــزەی ناتۆش لە ئەفغانســـتان بوونــی هەیە، هێزی پێشــمەرگەی کوردســـتان ئەو هێزەیە کە بە باشـــترین شێوە دەتوانێت شەڕی تیرۆریستان بکات، لەمەش زیاتر ستراتیژیەتی ئاسایشی کوردســـتان لەم ناوچە ئاڵۆز و شــلەژاوەدا توانیوویەتی بە شاهیدی گەورە تۆژەرێکی وەك گاریس ستاند فیلید نەك هەر ئاسایشی کوردستان بپارێزێــت، بەڵکــو هاوپەیمانەکانیشــی لە مەترســی تیرۆریستان ئاگادار بکاتەوە، هەروەك چۆن پێش گرتنی موسڵ ئەمریکاو عێراقیشــی ئاگادار کردبۆوە، ستاند فیلید ئەو شــاهیدیەی لە تازەتریــن توێژینەوە ئاماژە پێکردووە کە ڕۆژی ٣١ی تەمموز ئامۆژگای برۆکینگز بڵاوی کردۆتەوە.

لــەم چوارچێوەیــەدا بۆ ئەوەی بــەرەی دژە تیرۆر لەم ناوچە شــلەژاوە باشتر بتوانێت شــەڕی تیرۆر بکات، هەقە هەوڵبدرێــت لەڕووی چەك و تەکنەلۆژیای نوێی ســەربازییەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەموو ئەو ئیمکانییەتەی بخرێتە بەردەســت کە هاوپەیمانەکانی لە هاوپەیمانی شــەڕی دژە تیرۆر لەبەر دەستیانە لەسەروو هەمووشــیانەوە هێزەکانی ناتۆ، لەبەر ئەوەی هێزی ناتۆ گەورەترین و ئامانجدارترین هێزە لە شەڕی دژە تیرۆردا، لەمــەش زیاتر گرنگــە نەك هەر تەنیــا ڕاوێژکاران و ڕاهێنەران بێنە کوردســـتان بۆ ئەوەی پێشمەرگە لەسەر ئەو چەکە مۆدێرنانە ڕابهێنرێن، بەڵکو گرنگە مانۆڕی سەربازی هاوبەش لەناو کوردستان بۆ هێزی پێشمەرگە ڕێکبخرێت، بۆ ئەوەی ئاستی بەکارهێنانی ئەو چەکانە لەلایەن هێزی پێشــمەرگەوە بەرامبــەر بە چۆنییەتی بەکارهێنانی لەلایەن هێزەکانی دیکەوە هەڵبسەنگێنرێت و بەراورد بکرێت، بەمــەش دەروازەیەکی باش لەبەردەم توانــاو هێزی پێشــمەرگە دەکرێتەوە بۆ ئەوەی باشـــتر شەڕی تیرۆریستان بکات و کوردستان بپارێزێت.



**دکتۆر شاکر کەتتاب** سەرۆکی حزبی عەمەلی وەتەنی دیموکراتی بۆ گوڵان:

# لە عێراقدا وەلای تائیفی هێندە زاڵە ناسنامەی نیشتمانی بوونی نەماوە

**د.شاکر کەتتاب سەرۆکی حزبی عەمەلی وەتەنی دیموکراتی، پێشتر ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرگری عێراق و جێگری سەرۆکی دەزگای قەڵاچۆکردنی تیرۆر بووە، سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای عێراق و ڕەوشی ئاسایش و سەقامگیری و یەکخستنی هەوڵەکان بۆ دەربازبوونی عێراق لەم قەیرانە، لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی.**

((لە ئێستادا پێویستیەکی زۆرمان بە بارودۆخێکی تازەی سیاسی و هەروەها ئاسایشیش هەیە بۆ ئەوەی بتوانین سنوورێك بۆ تێکچوونی بارودۆخەکە دابنێین و هەنگاو بۆ بنیادنان بهاوێژین. ئەگەر بمانەوێ ئەمە بکەین، ئێمە بەر لە هەموو شتێك پێویستە بیر لە پێکهێنانی حکومەتێکی ڕزگاریی نیشتمانی بکەینەوە تاکو ئەو بارودۆخە هەرەسهێناوە ڕزگار بکات لە دابەشبوون و پارچەپارچەبوون. دووەم شت ئەوەیە کە بگەڕێینەوە بۆ پرەنسیبی هاووڵاتیبوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکدا، واتا چەسپاندنی یەکسانیی لەنێوان هەموو تاکەکانی کۆمەڵگادا بێ ئەوەی هیچ یەکێکیان لەوەی دی بە باشتر بزانین. نەوەك ئەوەی کە لە ئەنجوومەنی نوێنەران وەك نیشانەی نەرێنی ئاماژەی بۆ دەکەن کە من زۆر لەوە نائومێدم، کاتێك سەیری دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکەین، هەست دەکەین لەناو ئەنجوومەنی نوێنەران زۆر دەمەقاڵێ و کێشمەکێش دێتە ئاراوە، بۆ نموونە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان یان بۆ سەرۆك کۆمار. ئێستاش بۆ دیاریکردنی گەورەترین کوتلە تاکو سەرۆك وەزیرانی تێدا دەست نیشان بکرێت، کە من پێموایە لە دەست ئەنجوومەنی نوێنەران دەرچووە کە چارەسەری ئەم کێشەیە بکات.

چونکە بەپێی پشکایەتی تایفی و هاوپەیمانیی سیاسی بێت، پێویستە لە شیعەکان کەسێك بۆ ئەم پۆستە دەستنیشان بکرێت. واتا لە هاوپەیمانیی نیشتمانی، بەو قسەیەش بێت دیارە دەوڵەتی یاسا گەورەترین کوتلەیە، بەڵام ئەمەش دەبێت لەناو خودی هاوپەیمانیی نیشتمانی یەکلایی بکرێتەوە، بە داخەوە ئەگەر ئەم پرسە لەنێو خۆیاندا چارەسەر نەکرا، ئەوکاتە ڕەنگدانەوەی نەرێنی بۆسەر تێکڕای ئەدای دەوڵەتی عێراق دەبێت. بەڕاستیش لە ئێستادا هێندە وەلای تائیفی زاڵ بووە، هەست بە بوونی وەلای نیشتمانی ناکرێت، بەر لە ماوەیەك جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لە وتەیەکیدا کە زۆر بە سوودە، ڕوونیی کردەوە کە هەموومان دەڵێین فڵان شیعەیە یان سوننەیە، کوردە، عەرەبە، تورکمانە، بەڵام کەس ناپرسێت عێراقییە، بۆیە ناسنامەی عێراقی بە هۆی ململانێی ناسنامە بیانییەکان لەسەر خاکی عێراق ون بووە، ململانێ لە نێوانیان هەیە و ئەوانە نوێنەرایەتی دەوڵەتەکانی خۆشیان ناکەن، بۆیە ئەگەر عێراق وریا نەبێت و ڕەگی هاووڵاتیبوون لەنێوان ڕۆڵەکانی ئەم گەلە نەچێنێت، ناتوانێت بەرگەی ئەم ململانێیە بگرێت)).

هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق بۆ گوڵان:

# زۆر لە وڵاتانی دۆست ئامادەییان پیشانداوە بە پێدانی چەک هاوکاریی هێزی پێشمەرگە بکەن



ئەو بارودۆخەی ئێستا عێراق پێیدا تێدەپەڕێت، بارودۆخێکە بە درێژایی مێژووی خۆی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئێستا عێراق ئەو وڵاتەیە کە بەکردەیی دابەش بووەتە سەر سێ وڵات و سێ سیستمی جیاواز، سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بارودۆخە کە هێشتا هەندێك لە پسپۆران پێیانوایە، بواری ئەوە ماوە بە دانوستاندن و ڕێگەی دیپلۆماتی ئەم قەیرانە تێپەڕێنرێت، ئەگەر هێشتا بواری ئەوە مابێت کێشەی عێراق بە شێوەیەکی دیپلۆماتی چارەسەر بکرێت، ئایا نەخشەی ڕێگە بۆ ئەو هەنگاوانە چین کە پێویستە بەشێوەیەکی دیپلۆماتی بگیرێنەبەر بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە چارەسەر بکرێت؟ هەر لەماوەی دروستبوونی ئەم قەیرانە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی عێراقی کردووە لەگەڵ بەڕێز هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق بە قووڵی لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەی کردووە و بیروبۆچوونیان ئاڵوگۆڕ کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە، بەڕێز هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا بەمجۆرە ئەو هەوڵانە دەخاتەڕوو.

*** سەرەتا لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای عێراقەوە دەست پێدەکەین، بەڕێزتان جگە لەوەی ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە وەزیری دەرەوەی عێراقن، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووشەوە نوێنەرایەتی دیپلۆماتیەتی کوردستانتان کردووە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئەگەر ئێستا لە یەکێك لە ناوەندەکانی توێژینەوەی جیهان بانگهێشت بکرێیت چۆن باسی بارودۆخی ئێستای عێراقیان بۆ دەکەیت؟**

- ئێستا لە عێراقدا بارودۆخێکی تازە هاتۆتە ئاراوە و هەرچۆنێك باسی بکەین دەبێت باسکردنەکەمان ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بێت کە ئێستا لەسەر ئەرز بوونی هەیە، وەك ئاماژەشتان پێکرد، دیارە لەو ماوە دوور و درێژەدا بە حکومی ئەو بەرپرسیاریەتیەی لەسەر شانی ئێمە بووە، ئەوجا چ وەك سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان یان بەرەی کوردستانی و هاوپەیمانیی کوردستانی، هەروەها لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردووشدا وەزیری دەرەوە بووم و وەزارەتی دەرەوەش یەکێکە لە وەزارەتە سەروەرییەکانی عێراق، ئەوا ئەم ماوەیە ئەزموونێکی گەورەی بۆ دروستکردووین و لەو ماوەیەشدا هەموو ئەو دەوڵەتانەی پێوەندیمان لەگەڵیان هەبووە، بە تایبەتیش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا و وڵاتانی دراوسێی و دەوڵەتانی عەرەبی، جۆرێك لە متمانە و موسداقیەت دروست بووە، هەروەها بارودۆخێکی تایبەتی بۆ دروست کردووین بەوەی وەك پردێك لە نێوان عێراق و جیهاندا کار بکەین، لەم چوارچێوەیەدا ئەو بیروبۆچوونەی لەسەر بارێکی تایبەتی عێراق دەیخەینەڕوو، ئەوان دەزانن ئێمە لە خۆمانەوە قسە ناکەین، چونکە دەزانن ئێمە مەرجەعیەتێکی سیاسیمان هەیە و لە حکومەتێکی هاوبەشی عێراقدا بەشدارین، بۆیە کە قسە لەسەر ئەو بارودۆخە دەکەین، حەتمەن بە بایەخەوە هەمولایەك گوێ لە ئێمە دەگرن.

لێرەوە ئەگەر باسی بارودۆخی ئێستای عێراق بکەین، دیارە ڕەوشی عێراق بە ڕادەیەك ئاڵۆز بووە کە دەتوانین بڵێین هیچ کاتێك بەم شێوەیە عێراق کارەساتی لەو جۆرەی بەسەر نەهاتووە، بۆیە لەنێو ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەوە باس لەوە بکەین، ئایا پێویستە چی بکەین بۆ ئەوەی عێراق لەو ڕەوشە ئاڵۆزە ڕزگار بکەین؟ ئایا نەخشەی ڕێگامان دەبێت چی بێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت سیمای گشتی بارودۆخەکە بە واقیعی چۆنە دیاری بکەین، هەر بۆ نموونە:

١. ڕەوشێکی ئەمنی نالەبار لە سەرتاسەری عێراق هەیە.

٢. شکستێکی گەورەی حکومی و ئابووری.

٣. چەندین پارێزگا لەژێر دەسەڵاتی حکومەت دەرچوونە.

٤. پێوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ خراپەو دەتوانم بڵێم ژەهراوییە و متمانە لە نێوان هەردوو لادا نییە.

٥. دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری عێراقدا هەیە.

٦. هەندێ پێوەندیی ستراتیژیی لە نێوان کوردو شیعە هاتۆتە هەژاندن، کە پێشتر هەبوون وەك هاوپەیمانیی کوردو شیعە.

ئەمانە هەموویان ڕەوشێکی تازەیان دروستکرد، بۆیە ئەوەی پێویستە لەم ڕەوشە تازەیە هەنگاوی لێ هەڵبگرین، دەبێت ئەمریکا یان ئێران یان وڵاتانی عەرەبی و دراوسێ و تەنانەت عێراقیەکانیش، هەموویان لەسەر ئەوە کۆك بن کە پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا هێشتا بوارێکی لەبەردەم ماوە و دەکرێ پرۆسەکە ڕاستبکرێتەوە. یان لانی کەم لەم ئاستەی ئێستا ڕایبگرین و زیاتر تێکنەچێت.

هەنگاو هەڵگرتنیش بۆ پرۆسە سیاسییەکە ئەوەیە؛ یەکەم: ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٣٠ نیسانی ڕابردوو پەسەندکراون و دەبێت لەسەر بنەمای ئاکامەکانی هەڵبژاردن دەست بە پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ بکرێت، بەڵام ئەم حکومەتە پێویستە لە حکومەتەکانی پێشتر جیاوازبێت، بە کردار نەك بە قسە، پێش هەموو شتێك دەبێ حکومەتێکی بنکە فراوان بێت و نوێنەرایەتیی هەموو عێراقییەکان بکات، بەتایبەتیش نوێنەرایەتییەکی بەهێزی سوننەی عەرەب بۆ ئەوەی ئەوان هەست بکەن کە بەشدارن لە بڕیاردان و حوکم و هەست بکەن پەراوێز نەخراون، ئەمەش بە ڕێککەوتن دەبێت لەسەر سەرۆکایەتیی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی کۆمار و سەرۆکایەتیی حکومەت، دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان ئەم پرۆسەیە دەستی پێکرد و دوای ئەویش سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرا، لەبەر ئەوەی فشارێکی زۆر هەیە، لە هەموو لایەنەکانی دۆستی عێراق کە دەبێ زوو ئەم پرۆسەیە بە ئەنجام بگات، نەك وەك ساڵی ٢٠١٠ حەوت مانگ بخایەنێت چونکە ڕەوشی ئێستا وەك ئەوەی ئەو کاتە نییە، دەبێ ئەو بۆشاییانە پڕبکرێتەوە بە دامەزراندنی حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانیی بنکە فراوان، دەبێت حکومەتێکی تازە بێت نەك بە کەسایەتییەکان، بەڵکو بە بەرنامەو بۆچوون بێت، واتا شەخسی نەبێت.

خاڵی دووەم: دەبێ ئەو حکومەتە چاو بە ڕابردوودا بخشێنێتەوە، هەڵەکان دووبارە نەکاتەوەو دەبێ لەلایەن هەموو لایەك پەسەند بکرێت، نەك تەنیا لەلایەن نەتەوەیەك یان تایفەیەکەوە بێت، بەڵکو مەقبولییەتی نیشتمانی هەبێت، دەبێ چاو بە پێوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و بەغدا بخشێنرێتەوە و لەسەر بنەمای تازە بونیادبنرێتەوە و متمانە دروست بکرێت.

خاڵی سێیەم: دوای ئەم شتانە دەبێ هەموو هەوڵ و تەقەللا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و تیرۆریستان تەرخان بکرێت، چونکە ئەمە شەڕی عەسکەریی نییە، هەروەها هیچ چارەسەری ئەمنی بە تەنیا ئەم کێشەیە چارەسەر ناکات، بەڵکو دەبێ چارەسەرێکی هەمەلایەنانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەبێت، تاکو لێی دەرباز بین، ئەمەش ئەرکی حکومەتێکی تازەیە، چونکە کەس دڵی بە تیرۆر خۆش نابێت، لەبەر ئەوەی دژی مرۆڤایەتییەو دژی شیعەو کورد و سوننەیە، دەبێ بنبڕبکرێت، لەسەر ئەم بۆچوونە کەم یان زیاد هەموو لایەك کۆکن کە ئەم پرۆسەیە زوو ئەنجام بدرێت، کاتێ لەگەڵ ئەمریکییەکان دادەنیشین و باسی دەکەین دواجار لەگەڵ جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کە لە بەغدا بووین بە دووقۆڵی و بە دووروودرێژی باسی ئەم مەسەلەیەمان کرد، هەروەها باسمانکرد چۆن لێی دەربازبین.

*** دەڵێن هۆشیار زێباری لەگەڵ مام جەلال وەك سەرۆك کۆماری عێراق زۆر زۆر پێکەوە گونجاو بوون، لەماوەی ٨ ساڵی ڕابردووش کە بەرێزت وەزیری دەرەوە بوویت و ئەو سەرۆك کۆمار بووە، قەت نەمانبیستووە مام جەلال گلەیی لێت هەبێ وەك سەرۆك کۆمار، ئایا پێتوایە ئەو تێگەیشتن و تەنسیقەی لەگەڵ مام جەلال هەتبوو، لەگەڵ سەرۆك کۆماری تازەش دروست بێتەوە؟**

- بۆ مێژوو دەڵێم لەگەڵ بەڕێز مام جەلالدا باشترین پێوەندیی شەخسی و سیاسیمان هەبوو، متمانەو خۆشەویستییەکی زۆریشی لەگەڵ ئێمە هەبوو،

**چ ئەمریکا چ عێراق یان وڵاتانی دۆستی ئێران، هەموویان نیگەرانن و داوادەکەن ئەم حکومەتە زوو پێکبێت، تاکو بوار نەدرێ هیچ بۆشاییەکی سیاسی و ئیداری و حکومی ڕووبدات، هەنگاوی دووەم ئەوەیە کە پێکەوە ڕووبەڕووی داعش و تیرۆریستان ببینەوە، بۆیە ئامانجی ئێران و ئەمریکا یەکە**

**بنبڕکردنی تیرۆر لەدوای پێکهێنانی حکومەتێکی تازە دەست پێدەکات، ئەگەر حکومەتێکی تازە پێکهات و هەموو پێکهاتەکان وەك حکومەتێکی نیشتمانی بە حکومەتی خۆیانی بزانن، ئەوا لەسەر ئەرزی واقیع هێزێك دەبێت کە بتوانێت هاوکێشەکە بگۆڕێت، بەڵام ئەگەر ئەو حکومەتە دروست نەبوو، ئەوا شەڕ کردن لە گەڵ تیرۆریستان زۆر قورس دەبێت**

**هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو بارودۆخەی بەسەر عێراقدا هات پێویستی بە شرۆڤەکردنێکی تازەیە، واتا مامەڵەکردنێکی واقعیانە لەگەڵ ئەو شتەی کە ڕوویدا، لەگەڵ سوننەو شیعەو کورد و ئاییندەی عێراق کە بە چ شێوەیەک حوکمڕانیی بکرێت، ئێستا زۆربەی زۆری ئەو شرۆڤەکارانەو ئەو پەیمانگەی دیراساتانەو پسپۆڕەکان خەریکی ئەوەن، بۆ ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە تازەیەدا بکەن**

جێگەی شانازییە کە بە حوکمی ئیشکردنی نزیك ئەو پێوەندییەمان دروست کرد، هەر لەپێش ئێستا لە ڕێککەوتننامەی واشنتۆن و ئاشتەوایی گشتی کوردی و بنبڕکردنی شەڕی براکوژی ڕۆڵمان هەبوو، کاتێ لە بەغدا بووین زۆر لە یەکدی نزیك بووین لە دیدارو ڕاوێژ وەرگرتن پێوەندییمان بەهێز بوو، لەلایەکی دیکەشەوە من بۆ مێژوو دەڵێم مام جەلال سیفەتێکی باشی هەبوو لە ڕووی ڕێزگرتن لە ڕۆڵی پێوەندییەکانی دەرەوە و تێگەیشتنی چاکی هەبوو لەم ڕووەوە لە بواری ئەو پێوەندییانە لەسەر ئاستی کوردو عێراق، بێجگە لەوەش هاوبیر و هاوڕا بووین و لە ڕاستیدا خزمەتی کێشەی ئێمەی کرد، ئەو هەموو ساڵە لە ڕووی چارەسەرکردنی کێشەکان بە تێگەیشتن کە بە ئێمە دەسپێردرا، جێبەجێمان دەکرد.

*** دیارە ئێستا ئەمریکا و ئێران هەموو توانای خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی بەهەر شێوەیەك بێت حکومەت لەبەغدا زوو پێکبهێنرێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە جارێکی دیکە پرۆسەی سیاسیی لە نێوان سوننە و شیعە و کورد بخەنەوە سەر سکەی خۆی، بەڕێزت وەك وەزیری دەرەوەی عێراق ئایا پەلەکردن لە پێکهێنانی حکومەت دەتوانێت چەند لە کێشەکانی ئێستا چارەسەر بکات؟**

- لە وەڵامێکی پێشتر گوتم چ ئەمریکا چ عێراق یان وڵاتانی دۆستی ئێران، هەموویان نیگەرانن و داوادەکەن ئەم حکومەتە زوو پێکبێت، تاکو بوار نەدرێ هیچ بۆشاییەکی سیاسی و ئیداری و حکومی ڕووبدات، هەنگاوی دووەم ئەوەیە کە پێکەوە ڕووبەڕووی داعش و تیرۆریستان ببینەوە، بۆیە ئامانجی ئێران و ئەمریکا یەکە، بەڵام لەسەر ئەو بنەمایانەی کە باسمان کردن، کە حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی و فراوان و پەسندکراو لە هەموو لایەك پێکبێت، ئەو شەڕە هێشتا ماوە لەسەر دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیرانی داهاتوو بۆ عێراق، دوای تەواوبوون لە مەسەلەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی کۆمار. بەڵام تا ئێستا نازانین بارودۆخی ئێستای عێراق چۆن دەبێت و کورد چ پێگەیەکی لە حکومەتی داهاتووی عێراق دەبێت، بۆیە سەبارەت بە پێوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆك کۆماری تازە، دەکەوێتە سەر ئەوەی کورد چ پێگەیەکی لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا دەبێت.

*** بەڕێزت دەزانی شەڕی تیرۆر تەنها بە هێزی سەربازی ناکرێت و، بە تەنها بە هێزی دەرەکیش ناکرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا تەنها ڕێگە ئەوەیە کە عەرەبی سوننە ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی خۆی ناوچەکانی خۆی لە تیرۆریستان پاکبکاتەوە، بێگومان لە ئێستادا ئەمە کارێکی ئاسان نییە لەبەر ئەوەی لەماوەی دووخولی سەرۆك وەزیرانی بەڕێز نوری مالیکیدا، عەرەبی سوننە تەواو تەهمیش کراوە، بۆیە زۆر زەحمەتە عەرەبی سوننە لە ئێستادا متمانە بەحکومەتی بەغدا بکات و ئامادەباش بێت بۆ ئەوەی شەڕی تیرۆر بکات، ئایا چۆن دەتوانرێت عەرەبی سوننە بەجۆرێك بهێنرێتەوە ناو پرۆسە سیاسییەکە بۆ ئەوەی بتوانن ناوچەکانی خۆیان لە تیرۆر پاك بکەنەوە؟**

- سیاسەتی حکومەتی پێشوو بۆ ڕاکێشانی عەرەبی سوننە و پشتگیریکردنیان دژی قاعیدەو گرووپەکانی دیکەی تیرۆر و توندڕەوەکان سەرکەوتوو نەبوو، من وەك کەسێك لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخەکەم و لەسەر ئەم پرسە و ڕاو بیروبۆچوونی خۆشم هەبووە، لە سەرەتا دوای دروستکردنی هێزەکانی پشتگیری سەحوە لە ئەنبار و شوێنەکانی دیکە، پشتگیری لە هێزەکانی عەشائیر و هێزەکانی دیکەی ناوخۆی سوننە دەکرا، ئەم پشتگرییە بووە هۆکاری ئەوەی کە عەرەبی سوننە بتوانن تیرۆریستانی قاعیدە تووشی شکستی گەورە بکەن، لەبەر ئەوەی ڕەفتاری تیرۆریستانی قاعیدە دژی بۆچوون و کەلتور و ڕۆشنبیری خەڵکانی ئەو ناوچەیەش بوو، بەڵام دوای ساڵی ٢٠١١ و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق درێژە بەو سیاسەتە نەدرا و حکومەتی عێراق لەڕووی دابینکردنی مووچە و چەکەوە بۆ ئەو هێزانە دوو دڵ بوو، بە جددی وەریان نەگرت، زۆرجار لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە بەغدا کە من تێیدا ئەندام بووم، یان لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران یان کۆبوونەوە سیاسییەکان، هەمیشە ئاماژەمان بەوە دەکرد کە دەبێ ئەم سیاسەتە بەردەوام بێت و ناکرێت پشتگوێ بخرێت، بەڵام بە داخەوە نەکراو حکومەت خۆی ئەم هەڵانەی دەکەوێتە ئەستۆ، ئایا دەتوانن ئێستا ئەم ئەزموونە کۆپی بکەنەوە؟ ئەمە تەنیا بە دامەزراندنی ئەو حکومەتە تازەیە دەبێت کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

با سەیر بکەین خۆ ئێستا لەناو حکومەت سوننە هەیە، پێشتر لە ئەنجوومەنی وەزیران هەبوو، لە سەرۆکایەتیی کۆمار و پەرلەمانیش هەبوو، پرسیارەکە ئەوەیە ئەوانە تا چ ڕاددەیەك نوێنەرایەتیی بنکەی جەماوەری سوننەی عەرەبیان دەکرد؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ لە دامەزراندنی ئەم حکومەتە بدرێتەوە، واتا ئەو سوننانەی بەشدار دەبن دەبێ نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵکی خۆیان بن، لەسەر ئاستی ناوچەو پارێزگاکان، هەروەها لەسەر بنەمای سەنگیی کۆمەڵایەتی و سیاسی،

ئەگەر ئەو متمانە دروست بوو کە بەڕاستی خەڵکیان هەیەو دەنگیان دەگات، بگەنە ئەو قەناعەتەی بەشدارن لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان، ئەو کاتە مومکینە، چونکە هیچ پێوەندییەك نییە لە نێوان بەرژەوەندییەکانی عەرەبی سوننە و داعش.

من پێشتر باسی نەخشەی ڕێگام کرد بۆ دەربازبوون لەم ڕەوشە ئاڵۆزە، بەڵام کارکردن لەسەر ئەو نەخشەی ڕێگەیە بۆ بنبڕکردنی تیرۆر لەدوای پێکهێنانی حکومەتێکی تازە دەست پێدەکات، ئەگەر حکومەتێکی تازە پێکهات و هەموو پێکهاتەکان وەك حکومەتێکی نیشتمانی بە حکومەتی خۆیانی بزانن، ئەوا لەسەر ئەرزی واقیع هێزێك دەبێت کە بتوانێت هاوکێشەکە بگۆڕێت، بەڵام ئەگەر ئەو حکومەتە دروست نەبوو، ئەوا شەڕ کردن لە گەڵ تیرۆریستان زۆر قورس دەبێت.

حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم خەڵکی سوننە لەگەڵ داعش نییە، بەڵام لەم بارودۆخەی کە دروست بووە ناپەرژێتە سەر ئەوەی بیر لەبەرژەوەندی خۆی بکاتەوە، بۆیە دوای ئەوەی ئەو حکومەتە تازەیە پێکدێت ئەگەر ئەو خەڵکە ڕازی بوو کە ئەو حکومەتە تازەیە بۆچوونی تازەی هەیە، ئەو کاتە ڕەنگە بیر لە بەرژەوندییەکانی خۆیان بکەنەوە، ئەوەی ئەمڕۆ داعش لە موسڵ دەیکات لە دەستدرێژیی بۆ سەر هاووڵاتیان و تەعەداکردن و کوشتن و وێرانکردنی مەزارەکان و شوێنە پیرۆزەکان و پەلاماردانی مەسیحی و پێکهاتەکانی دیکە، ئەمە زۆر زەحمەتە خەڵك قبوڵی بکات.

*** ئەو دابڕانەی ئێستا بەهۆی داعشەوە لە نێوان کوردستان و بەغدا دروست بووە، بە پێکهێنانی حکومەت پڕنابێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێستا دەوڵەتێکی ئیسلامی بە قیادەی داعش لەنێوان کوردستان و بەغدایە، بۆیە پێکهێنانی حکومەت لە باشترین حاڵەتدا زەمینەسازییە بۆ ڕێکخستنەوەی هەموو پێکهاتەکان بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتەی داعش نەمێنێت، ئەم واقیعەش جەبهەیەکی بۆ کوردستان لەگەڵ تیرۆریستانی داعش کردۆتەوە کە زیاتر لە ١٠٥٠ کیلۆمەترە، بەڕێزت ئەزموونی بەرەی باکوورت هەیە لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق لە ٢٠٠٣، ئەوەبوو توانرا بە هاوکاریی ئەمریکا و بەریتانیا و ئیسپانیا و چەند وڵاتێکی دیکە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەبەرەی باکوورەوە سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنن، دیارە ئێستا بارودۆخ بۆ ناردنی هێزی دەرەکی گۆڕاوە و پێشمەرگە بە تەنیا لە بەرەکەدایە، هەروەها کوردستانیش گەمارۆیەکی توندی ئابووری لەسەرە، لەمەش زیاتر پێشمەرگە وەك سوپای دەوڵەتێکی سەربەخۆ ناتوانێت سەفەقاتی چەك بە ڕەسمی بکڕێت، ئایا لە جیهاندا هەبووە هێزیکی وەك هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە هاوپەیمانی شەڕی دژە تیرۆر بێت و گەمارۆی ئابووری لەسەر بێت و دەستیشی بە چەکی مۆدرێن ڕانەگات؟ بەڕێزت وەك پێشمەرگەیەك و دیپلۆماتکارێکی بە ئەزموون چۆن مەخرەجێك بۆ بەرەی باکوور دەدۆزیتەوە بۆ ئەوەی لەبەرەی باکوورەوە پێشمەرگە لە شەڕی دژی تیرۆریستان سەرکەوتوو بێت؟**

- من دەتوانم لە دەستپێك بڵێم ئەو داعش و گرووپەکانی تیرۆریست کە لەسەر مەرزەکانی سنوور هەن، ئەوانە نە بەتەنیا دژی مالیکین، بەڵکو دژی سوننەو کوردن و دژی مرۆڤایەتین، لەبەر ئەوە کەس دڵی بەوە خۆش نەکات، چونکە ئەوانە ئێستا دەسەڵاتێکی کاتیان هەیە لەو ناوچانەدا، دوو ئایدیۆلۆژییەتی جیاواز هەیە، هەرێمی کوردستان هەوڵدەدات هەرێمێکی دیموکرات بێت، ئازاد و فرە حزبی و ئایینی بێت، نموونەی لێبووردەیی و پێکەوەژیان بێت، ئەوانیش بیروباوەڕیان دژی ئەم شتەیە، دەبێ خیلافەت و شەریعەتی خۆیان ئەنجام بدەن، لەبەر ئەوە مەترسیین، سەبارەت بە هێزی پێشمەرگە بەداخەوە چونکە پێوەندییەکانی بەغداو هەرێم تێکچوو و چارەسەر نەکرا، کە پاسەوانی هەرێم کە بەشێکن لە دامەزراوەیی بەرگریی عێراقی کە پێویستە چەکداربکرێن و مەشق بدرێن و مووچەیان پێ بدرێت، ئەو شتانە هەمووی جێبەجێ نەکرا، ئێستاش کە هێزی پێشمەرگە ئەو ناوچانە دەپارێزێت و بەرامبەر هێزی داعش و تیرۆریستان ڕاوەستاون، پێویستیان بە چەکی باشتر و مەشق و توانایی باشتر هەیە.

بە ڕای من ئەو بوارە هەیە کە بتوانرێت پێشمەرگە چەکدار بکرێن، ڕاستە مەسەلەی چەکدارکردنی ڕاستەوخۆ کێشەی یاسایی هەیە، بەڵام زۆر لە دۆستانی ئێمە حەزدەکەن یارمەتیی هێزی پێشمەرگە بدەن، ئەمریکییەکان و وڵاتانی دیکە حەزدەکەن و وەنەبێ کە ئەم ڕێگەیە قەپات کرابێت، زۆر ڕێگە هەیە بۆ بەرزکردنەوەی توانایان دژی تیرۆر بە هەواڵگری و بە چەکی مۆدێرن، هێزی پێشمەرگە لە ڕووی هێزی سەربازییەوە پێویستی بە هاتنی هێزی دەرەکی نییە، چونکە ماشاڵڵا، هیچ کەموکوڕییەك لە ڕووی مرۆیی نییە، بەڵام لە ڕووی چەك و ئامێرو هەواڵگریی دژی تیرۆر بە دڵنیاییەوە پێویستی هەیە، وا بزانم هەوڵەکان لەگەڵ هەموو لایەك بەردەوامە، من هیچ زانیاریم لەبەردەستدا نییە کە ئەمە ئێستا دەبێ، بەڵام وا بزانم لەسەر دوو ئاست باسکراوە، حەزو ئارەزووش هەیە پشتگیریی هێزی پێشمەرگە بکرێت.

**داعش و گرووپەکانی تیرۆریست کە لەسەر مەرزەکانی سنوور هەن، ئەوانە نە بەتەنیا دژی مالیکین، بەڵکو دژی سوننەو کوردن و دژی مرۆڤایەتین، ئەوانە ئێستا دەسەڵاتێکی کاتیان هەیە لەو ناوچانەدا، دوو ئایدیۆلۆژییەتی جیاواز هەیە، هەرێمی کوردستان هەوڵدەدات هەرێمێکی دیموکرات بێت، ئازاد و فرە حزبی و ئایینی بێت، نموونەی لێبووردەیی و پێکەوەژیان بێت، ئەوانیش بیروباوەڕیان دژی ئەم شتەیە، دەبێ خیلافەت و شەریعەتی خۆیان ئەنجام بدەن**



**ئەوەی پێویستە لەم ڕەوشە تازەیە هەنگاوی لێ هەڵبگرین، دەبێت ئەمریکا یان ئێران یان وڵاتانی عەرەبی و دراوسێ و تەنانەت عێراقیەکانیش، هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بن کە پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا هێشا بوارێکی لەبەردەم ماوە و دەکرێ پرۆسەکە ڕاستبکرێتەوە**

*** زۆر لە پسپۆران و چاودێران لەسەر ئاستی جیهان، دەڵێن عێراق ناگەڕێتەوە بۆ پێش ١٠ی حوزەیران، ئێمە ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی تۆ دەکەینەوە وەك وەزیری دەرەوە، ئەگەر عێراق جارێکی دیکە نەگەڕێتەوە بۆ پێش ١٠ی حوزەیران و دەوڵەتی کوردستان لەوە قورستر بێت کە خۆمان دەیبنین، ئایا ڕێگەی سێیەم چییە؟**

- ڕاستە واقعێکی تازە دروست بووە، ئەویش ئەوەیە کە داعش پەیدابووەو کۆنترۆڵی هەندێ ناوچەی کردووە، ئەمەش مەسەلەیەکی کاتییەو بەڕای من زۆر ناخایەنێت، مەسەلەی دەوڵەتی کوردستان دەبێ زۆر ورد بین، لە هەموو ژیانی خۆماندا خەباتمان کردووە بۆ مافی چارەنووس، لە پێشمەرگایەتی و لە خۆپیشاندان و لە بزاڤی قوتابیێتیدا، لە چالاکیی دیپلۆماسیدا، بۆیە کەس ناتوانێت موزایەدەمان لەسەر بکات، بەڵام مافی چارەنووس لە زۆر شێوە گوزارشت دەکات، کاتێك ئۆتۆنۆمی بوو، کاتێکیش فیدرالی و فیدرالیی ڕاستەقینە بوو، واتا لە هەموو شتێك هەیەو لە هەموو شتێك نییە، واتا ئەو قۆناغەی خەباتی میللەتان پێی دەگات ئەوە تەقدیری دەکات، من گوتوومە هەتا ئێستا بڕیاری هەرێمی کوردستان بەشداریکردنە لە پرۆسەی سیاسیدا، مەسەلەی ڕیفراندۆمیش کە جەنابی سەرۆك بارزانی باسی کرد کارێکی باشیشی کرد کە بردییە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، چونکە دەبێ نوێنەرانی ڕاستەقینەی ئەو میللەتە ڕایان لەسەری هەبێ، تاکو بزانرێت بە چ ڕێگاو شێوازێك بکرێت بۆ ئەو ناوچانەی دابڕاون و سەر بە ماددەی ١٤٠ـن، بەڵام هەموو لایەك لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو بارودۆخەی بەسەر عێراقدا هات پێویستی بە شرۆڤەکردنێکی تازەیە، واتا مامەڵەکردنێکی واقعیانە لەگەڵ ئەو شتەی کە ڕوویدا، لەگەڵ سوننەو شیعەو کورد و ئاییندەی عێراق کە بە چ شێوەیەك حوکمڕانیی بکرێت، ئێستا زۆربەی زۆری ئەو شرۆڤەکارانەو ئەو پەیمانگەی دیراساتانەو پسپۆڕەکان خەریکی ئەوەن، بۆ ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە تازەیەدا بکەن، وشەیەك هەیە بە ئینگلیزی (post mortem) واتە کاتێك تاوانێك دەکرێت و یەکێك دەکوژرێت، لێکۆڵەرەوەکان بەدواداچوونی بۆدەکەن چۆن کوژراوەو کێن بکوژەکان، واتا پیاوەکە کوژراوەو دەخوازێ چۆن مامەڵە لەگەڵ



ڕووداوەکە بکرێت، بۆیە ئێستا زۆر شرۆڤەکارو پسپۆڕ ئیش لەسەر ئەوە دەکەن کە چۆن مامەڵە لەگەڵ واقیعە تازەکەدا بکەن.

*** پرۆفیسۆر وەلی نەسر لە تازەترین توێژینەوەیەدا، باس لەوە دەکات، هێشتا بوار بۆ ئەوە ماوە بە دیپلۆماتیەت عێراق ڕزگار بکرێت، ئایا لەم بارودۆخەی عێراق و لەنێو ئەو کەشە بێ متمانەییەی لە نێوان کورد و شیعە و سوننە- شیعە هەیە، مومکین دەبێت دیپلۆماتییەکی وا دروست بێت و کاریش بکات و سەرکەوتوو بێت؟ ئایا ئەگەر گریمانەیەك بکەین چۆن زەمینە بۆ دیپلۆماتییەتێکی لەو شێوەیە خۆش دەکرێت؟**

- من ئەو پیاوە دەناسم و زیرەکەو چەندین کتێبیشی هەیە، شارەزاشە لە پرسی عێراق و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەمریکا زۆر هەوڵ دەدات یارمەتیی عێراق بدات و یارمەتیی شەڕی دژی تیرۆر بکات، بەڵام بە ڕاستی ئەو یارمەتییە بە قەبارەی ئەو قەیرانە نییە، گفتوگۆی دیپلۆماسی هەیە و قسە لەگەڵ ئەم دەکەن و قسە بۆ ئەو دەبەن، بەڵام بەداخەوە ئەو کاریگەرییەی بۆسەر ڕووداوەکان نییە، پێویست بوو وڵاتێکی وەك ئەمریکا کە دۆستی زۆری هەیە لە عێراق سیاسەتێکی خورتری هەبوایە، بە ڕای من ئاییندەی عێراق بەرەو فیدرالیزمەکردن دەچێت واتا پێویستە ببێتە فیدرالییەتێکی ڕاستەقینە، نەك هەر کورد وسوننەو شیعە، بەڵکو لەوانەیە چەند هەرێمێکی دیکەش دروست بێت، ڕەنگە بەسرە ببێتە هەرێمێك یان موسڵ و تکریت مەرج نییە هێڵێك ڕابکێشرێت لەسەر بنەمای ئیتنی و تایفی، بۆیە پێش ئەوەی ئەم قەیرانە ڕووبدات ئەو دەنگانە لە بەسرە و لە ئەنبار هەبوو، بە ڕای من کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕایوایە کە عێراق وەك دەوڵەتێك بەیەکەوە بمێنێتەوە، بەڵام ئیدارەکەی بە شێوەیەکی دیکە بێت، واتا ئەو سەنترالیزمەی پێشتر هەبوو، ئەو سیستەمەی پێشتر لە **٢٠٠٣** دروست بوو پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەدی، لەبەر ئەوە دەبێ ئەو وڵاتە بە شێوەیەکی دیکە ئیدارەو حوکم بکرێت، واتا پتر بۆ نامەرکەزیەت و فیدرالیزم، ئەو ناوچانەش هەست بکەن کە خۆیان بەڕێوەی دەبەن و بودجەیان هەیە، هەروەها لەگەڵ حکومەتی بەغدا نوێنەرایەتییەکیان هەبێت، بەڕای من بۆچوونەکان دەربارەی بارودۆخەکە، ئەمەیە بەڕاستی.

**بە ڕای من ئاییندەی عێراق بەرەو فیدرالیزمەکردن دەچێت واتا پێویستە ببێتە فیدرالییەتێکی ڕاستەقینە، نەک هەر کورد وسوننەو شیعە، بەڵکو لەوانەیە چەند هەرێمێکی دیکەش دروست بێت، ڕەنگە بەسرە ببێتە هەرێمێک یان موسڵ و تکریت مەرج نییە هێڵێک ڕابکێشرێت لەسەر بنەمای ئیتنی و تایفی**

دیڤید ئیگناشیۆس

ستوونو‌وسی بەناوبانگی واشنتۆن پۆست بۆ گوڵان:

# هەڵوێستی بارزانی سەبارەت بە مالیکی ئاماژەیەکە بۆ ئەمریکا و جیهان بەوەی کاتی گۆڕینی هاتووە

دیڤید ئیگناشیۆس یەکێکە لەستوونووسە بەناوبانگەکانی واشنتۆن پۆست لەسەر ئاستی جیهان و ماوەی ٢٥ ساڵە لەو ڕۆژنامەیە کاردەکات و ڕوومالی پرسەکانی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا دەکات، هەروەها ئیگناشیۆس تایبەتمەندە لەسەر پرسی عێراق و دوایین ستوونی لە واشنتۆن پۆست ڕۆژی ٣١ی تەمموز لە واشنتۆن پۆست بە ناونیشانی (دەوڵەتی ئیسلامی تەحدییە بۆ ئەمریکا) بڵاوکردۆتەوە، بۆ قسەکردن لەسە ڕەوشی ئێستای عێراق و کوردستان، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ بەڕێز ئیگناشیۆس ئەنجامداو بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.



*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای عێراق دەڕوانیت و ئایا چ لێکدانەوەیەکت هەیە بۆی؟**

- لە ئێستادا بارودۆخی عێراق خراپ و ئاڵۆزە و تاڕادەیەکی زۆر لە مەترسیدایە، بۆیە من هیوادارم عێراق وەك یەك وڵات بمێنێتەوە، ئەم مانەوەیەش بەوە دەبێت حکومەتێکی تازە لە بەغدا پێکبهێنرێت کە سەرۆك وەزیرانێکی تازەی هەبێت و لەلایەن هەموو پێکهاتەکانی عێراقەوە جێگەی ڕەزامەندی و پەسەندکردن بێت، بۆ ئەوەی لە سایەی ئەو حکومەتە نوێیەدا، بتوانرێت باشتر وڵاتەکە بەڕێوەببرێت و سەرجەم بەشە جیاوازەکانی عێراق لە خۆبگرێت، وەك سوننە و کورد و شیعە. ئومێدەوارم بەم زووانە ئەوە ڕوبدات.

*** بەڵام لە ئێستا سێ دەوڵەتی ئەمری واقیع لە عێراقدا دروست بووە، ئەویش دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر دەست بەسەرداگرتنی دووەم گەورەترین شاری عێراق، موسڵ، لەلایەن داعشەوە، هەروەها تکریت و پێشتریش بەشێکی گەورەی ئەنبار، کە هەموو ئەمانەش ئەنجامی شکستی سیاسەتەکانی مالیکی بوون، بەڵام سەیر ئەوەیە هێشتا ئەمریکا پشتیوانی مالیکی دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێشبینی دەکەن ئەمریکا سیاسەتێکی نوێ لە ئاست عێراقدا بگرێتەبەر؟**

- وەڵامی من ئەوەیە هەڵەیە بڵێین سەرۆك ئۆباما

**هەڵەیە بڵێین سەرۆک ئۆباما پشتیوانی مالیکی دەکات و دەیەوێت لە پۆستەکەی بمێنێتەوە، من وای دەبینم دەبێت عێراقی نوێ پتر بەلای کۆنفیدراڵیەتدا بێت و ڕێز لە مافە ئابووریەکانی کورد و مافەکانی دیکەی کورد بگرێت**

**ئەگەر مالیکی مایەوە پێوەندی نێوان هەولێر و واشنتۆن تا دوا ڕادە بەهێز دەبێت، ئەگەر مالیکیش نەما، ئەوا سەرکردایەتی بارزانی ئاییندەیەکی باش بۆ عێراق دیاری دەکات**

**پێویستە ئەمریکا کار لەگەڵ پێشمەرگە و هەروەها پێویستە ئەمریکا کار لەگەڵ سەرکردەی خێڵە سونییەکان و ئەوانی دیکەدا بکات بۆ شەڕکردن لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی**

هەوڵی هێشتنەوەی مالیکی دەدات. لە ڕاستیدا ئەمریکا دەیەوێت مسعود بارزانی لەگەڵ سەرکردەکانی دیکەی عێراقدا هەوڵ بدەن تیمێك دروست بکەن کە بتوانێت حکومەتێك پێکبهێنێت لە دوای مالیکییەوە، ئەم هەوڵەش ئێستا بەردەوامە و نزیکە سەرکەتوو بێت، ئامانج لە دروستکردنی ئەم حکومەتەش کە پێویستە کۆدەنگی عێراقیەکانی لەسەر بێت بۆ ئەوەیە ئەو حکومەتە کار لەگەڵ هەموو ئەو عێراقیانەدا بکات کە دەیانەوێت شەڕ لە دژی چەکدارانی داعش بکەن کە دەستیان بەسەر بەشێکی عێراقدا گرتووە و خەلافەتی خۆیان تێیدا ڕاگەیاندووە. پێموایە ئەمە زۆر گرنگە. لەبەر ئەوە من پێموایە هەڵەیە بڵێین سەرۆك ئۆباما پشتیوانی مالیکی دەکات و دەیەوێت لەپۆستەکەی بمێنێتەوە، من وای دەبینم دەبێت عێراقی نوێ پتر بەلای کۆنفیدراڵیەتدا بێت و ڕێز لە مافە ئابووریەکانی کورد و مافەکانی دیکەی کورد بگرێت.

*** سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی کۆمار هەڵبژێردران و تەنها پۆستی سەرۆك وەزیران ماوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر شیعەکان نەتوانن مالیکی بگۆڕن، ئایا چ ئاییندەیەك چاوەڕوانی کورد دەکات؟**

- من پێموانییە بواری ئەوە مابێت مالیکی ببێتەوە بە سەرۆك وەزیران، بەڵام ئەگەر شیعەکان نەیانتوانی مالیکی بگۆڕن، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکا ڕووبکاتە دۆستەکانی دیکەی لە عێراقدا، بە تایبەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی کورد لە عێراقدا گرنگترین هاوپەیمانی ئەمریکان، هەربۆیە پێشبینی ئەوە دەکەم لە ئاییندەدا کوردستان گرنگی زیاتری دەبێت بۆ ئەمریکا بە بەراورد بە ئێستا.

*** چۆن لە هەنگاوەکانی ئێستای سەرۆك مسعود بارزانی دەڕوانیت کە لەم ساتەوەختە دژوارەدا دەیگرێتەبەر؟**

- سەرۆك بارزانی نەك هەر لەکاتی ئەم ڕووداوانەی دواییی، بەڵکو ئەوە چەندین ساڵە وەك سەرکردەیەکی لێهاتوو و ژیرانە ڕەفتاری کردووە، سەرۆك بارزانی توانیوویەتی یەکڕیزی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بپارێزێت و هێزی پێشمەرگە بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستانی عێراق بەکاربهێنێت، هەروەها بڕیارەکەی بارزانیش سەبارەت بە مالیکی بەوەی بواری ئەوە نەماوە چیتر سەرۆك وەزیران بێت ئاماژەیەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ ئەمریکا و جیهان بەوەی کە کاتی گۆڕانکارییە. لە ئێستادا سەرۆك مسعود بارزانی دەبێت ڕێگایەکی زۆر هەستیار بگرێتەبەر، دەبێت هەوڵبدا هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد و عێراقدا ڕابگرێت، من ئومێد دەخوازم بارزانی لەم ئەرکە سەختە سەرکەتوو بێت، هەست دەکەم بارزانی لەم کارەی سەرکەتوو دەبێت، چونکە خاوەنی ئەزموونە و پێشتریش لە ئەرکە سەختەکاندا سەرکەتوو بووە.

*** ئێوەش ئاگادارن هەشت مانگە مالیکی بودجەی کوردستانی بڕیوە و هەرێمی کوردستانیش هەوڵ دەدات بە ڕێگەیەکی یاسایی نەوتی خۆی بفرۆشێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هیچ گۆڕانکاریەك بەسەر هەڵوێستی ئەمریکادا هاتووە لەم بارەیەوە، چونکە پێشتر ئەمریکا هەڵوێستی باش نەبوو؟**

- من پێم وایە هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر هەموو لایەنەکانی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لە ئێستادا کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبێل کە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیا نەوتیەکان لە کوردستاندا کار دەکات ئەمەش کاریگەری گەورەی دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق بەو جۆرەیە پارێزگاری لەیەکپارچەیی عێراق بکات، ئەوا لەم ڕوانگەیەوە ئەمریکا نایەوێت لە ئێستادا کوردستان لەرووی ئابوورییەوە لە عێراق سەربەخۆبێت و جیابێتەوە، بەڵام ئەمەش پەیوەستە بەو بارودۆخەی ئێستا عێراق پێیدا تێدەپەڕێت، سەبارەت بە پرسی کەشتیە نەوتیەکەی کوردستانیش، ئەوا پرسێکی یاساییە و دادگاکانی ئێمە لەروانگەی یاساییەوە بڕیاری لێدەدەن و یەکلاییی دەکەنەوە، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە ئەم مەسەلەیە دیوێکی سیاسیشی هەیە، پرسەکە پەیوەستە بەمانەوە و ڕۆشتنی مالیکی لە پۆستی سەرۆك وەزیراندا، ئەگەر مالیکی مایەوە پێوەندی نێوان هەولێر و واشنتۆن تا دوا ڕادە بەهێز دەبێت، ئەگەر مالیکیش نەما، ئەوا سەرکردایەتی بارزانی ئاییندەیەکی باش بۆ عێراق دیاری دەکات.

*** کوردستان بەشە ئارام و سەقامگیرەکەی عێراقە، ئێستاش بۆتە پەناگەی ئاوارە و پەنابەران، ئێستاش سنورێکی دوورودرێژی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیدا هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی مالیکی سزای ئەم هەرێمە دەدات و بودجەکەی دەبڕێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك بوونی دەوڵەتی ئەمری واقیع لە کوردستاندا جێی پێشوازی لێکردنە لەلایەن جیهانەوە لەم ساتەوەختەدا؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئەگەر پانتاییەکی پرشنگدار هەبێت لە عێراقدا ئەوا کوردستانە، تاقە شوێنێکە ئارامە و بەرەوپێش دەچێت. لەبەر ئەوەی کوردستان خاوەنی پێشمەرگەیەکی بەهێزە کە توانای ئەوەی هەیە ڕووبەڕووی هەڕەشەی دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆریستانی داعش ببێتەوە، لە ئێستادا سەرکردە کوردەکان و سەرکردە عێراقیەکانی

دیکە هاوکارن لەگەڵ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە بۆ ئەوەی ستراتیژیەتێکی درێژخایەن دابرێژن و هەوڵبدەن دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش کۆتایی پێبهێنن، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە و پێدەچێت لەچەند مانگێکەوە تاچەند ساڵێك بخایەنێت، بۆیە ئەو ئەمری واقیعەی ئێستا هەیە دەبێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و قبوڵبکرێت.

*** ئایا تا چ رادەیەك پێویستە ئەمریکا و جیهان چەکی قورس بدەنە پێشمەرگە بۆ رووبەرووبوونەوەی تیرۆریستان؟**

- من شەخسی خۆم پێموایە پێویستە پێشمەرگە ئەوەندە بەهێز بێت کە بتوانێت بەرگری لە گەلی کورد بکات لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی و هەروەها بتوانێت هەڕەشەی تیرۆریستان دووربخاتەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا هێزی پێشمەرگە پێویستی بەچەکی سەردەم دەبێت و دەبێت ئەمەش لەبەر چاوبگیرێت لەلایەن هەموو لایەکەوە، بەلای منەوە پرسی سەرەکی ئەوەیە کوردستان بەهێز و سەربەخۆ بێت، بەڵام بێ ئەوەی بە یەکجاری لە عێراق جیا ببێتەوە.

*** کەواتە تا چ رادەیەك پێویستە ئەمریکا و ئەوروپا هاوکاری پێشمەرگە بکەن لە رووی پێدانی چەکەوە، چونکە بە سەدان ئەوروپی و نزیکەی پەنجا ئەمریکی لە نێو داعشدا شەڕ دەکەن، کە بۆی هەیە ئەوانە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان و کاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن؟**

- پێموایە پێویستە ئەمریکا کار لەگەڵ پێشمەرگە و هەروەها پێویستە ئەمریکا کار لەگەڵ سەرکردەی خێڵە سوننیەکان و ئەوانی دیکەدا بکات بۆ شەڕکردن لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی، پێموایە هەر کەسێك بیەوێت شەڕ لە دژی ئەم مەترسیە بکات، ئەوا پێویستە وەك هاوپەیمانی ئەمریکا سەیر بکرێت، من لە ستوونەکەی خۆم لە واشنتۆن پۆست لەمڕۆدا، کوردستانم بە یەکێك لەو شوێنانە داناوە کە پێویستە ئەمریکا پشتیوانی لێ بکات.

*** ئایا پێویستە نەخشە رێگای کوردستان چی بێت و ئایا پەیامی ئێوە بۆ خەڵکی کوردستان چییە؟**

- من هیوادارم دۆستەکانمان لە کوردستان سوپایەکی بەهێز و حکومەتێکی باش و ئابووریەکی سەرکەوتوویان هەبێت، ئێستا لە عێراقدا دۆخێکی سەخت و دژوار هەیە، ئومێدی من ئەوەیە پێشمەرگە بتوانێت کوردستان بپارێزێت، هەروەها دیسان ئومێدم ئەوەیە سەربەخۆ و بەهێز بن، بەڵام لە عێراقیش جیامەبنەوە، ئەمەش دەکرێت، بۆیە دەڵێم بەهێز بن، بەڵام وڵاتەکەتان دابەش مەکەن.



**دیڤید ئیگناشیۆس لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٠یە.**

- **رۆژنامەنووس و رۆماننووسێکی ئەمریکییە.**
- **ستوونووسی واشنتۆن پۆستە.**
- **لەگەڵ فەرید زەکەریا پۆست گلۆباڵ لە واشنتۆن پۆست بەڕێوەدەبەن لەسەر پرسە نێودەوڵەتیەکان بە رێگەی هێڵی ئینتەرنێت.**
- **هەتا ئێستا ٩ رۆمانی نووسیووە.**
- **ماوەی ٢٥ ساڵە لە واشنتۆن پۆست کاردەکات و رووماڵی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەزگای هەواڵگری ناوەندی دەکات.**
- **پێشتر یاریدەدەری پرۆفیسۆر بووە لە زانکۆی هارڤارد.**
- **مەدالیای شەرەفی لە کۆماری فەرەنسا پێبەخشراوە.**
- **مەدالیای رۆژنامەگەری جیهانی لە ئیتالیا پێبەخشراوە.**
- **مەدالیای دەسکەوت بە درێژایی تەمەنی لەلایەن لیژنەی رۆژنامەگەری رووماڵی سیاسەتی دەرەوەی پێبەخشراوە.**



پرۆفیسۆر مایکل درێسین ئوستادی زانستی سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزانکۆی جۆن کابۆت لە رۆمای پایتەختی ئیتالیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر ئایین و دیموکراتیزەکردن، کۆمەڵگەی موسڵمان و کریستانی کاسۆلیکی، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو تەوژمەی بەناوی تیرۆریستانی داعش لەناوچەکە دەستی پێکردووە و ئێستا لە گرووپی تیرۆریستی گەڕۆکەوە وەرچەرخاون بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر مایکل درێسین ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

پرۆفیسۆر مایکل درێسین لە زانکۆی جۆن کابۆتی ئیتالیا بۆ گوڵان:

# لەسەر ئاستی جیهان هەست بە هاوسۆزییەکی گەورە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکرێت

*** تا چ ڕاددەیەك گواستنەوە لە ئەنجامدانی توندوتیژی و خۆتەقاندنەوە لەلایەن ئەل قاعیدەوە بەرەو دامەزراندنی وڵاتێکی تیرۆریستی ڕووداوێکی مەترسیدارە؟ ئایا ئەمە شکستی حکومەتەکە نییە کە خاوەنی بودجەیەکی زەبەلاح و خاوەن سوپایەکی گەورە و چەکی پێشکەوتووە؟**

- ئەمە ئیختراقێکی گەورەیە کە گرووپە ئیسلامیە ڕادیکاڵە توندوتیژەکان کار لەسەر ئەرزی واقیع دەکەن و خاك داگیر دەکەن و ئێستا دەیانەوێت ڕژێمەکان بڕووخێنن، ئەمە گۆڕانێکی ڕاستەقینەیە لە کاری ئەو ڕێکخراوانەی سەر بە ئەل قاعیدەن، کەواتە بەڵێ ئەمە شتێکی مێژووییە لە بازنەی ژیانی بیست ساڵی توندوتیژی ئیسلامیدا لەبەر ئەوەی ئەوانە هەمیشە خواستی خۆیان بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی خەلیفەت ڕاگەیاندنەوە و هەرگیز نکۆڵیان لەمە نەکردووە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێکوپێك کاریان لەسەر داگیرکردنی خاك نەکردووە، بەڵام ئەو ڕاستیەی کە داعش بە خێرایی توانیان خاك داگیر بکەن و ئیمبراتۆریەتێکی ئایینیان دروست کرد، ئەمە شتێکی نوێ بوو.

*** دوای ڕاپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی و ڕووخانی ڕژێمە دیکتاتۆریەکان چاوەڕوان دەکرا هەنگاو بەرەو دیموکراسی و حکومڕانی گەل هەڵبگیرێت، بەڵام لەبری ئەوە شەڕ و تیرۆر و توندوتیژی و ئیسلامی سیاسیمان بینی و ئێستاش دەوڵەتی ئیسلامی دەبینین، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم دۆخە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو کوێ دەبات؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، من لەماوەی ڕابردوو لە عەممان بووم و ئەو هەستەم هەبوو- دڵنیام ئەم هەستە لای ئێوە بەهێزتریشە- کە ئەم دۆخە چەند خراپە بۆ ناوچەکە، واتە دەست بەسەرداگرتنی موسڵ و باکووری عێراق و گرێدانەوەی لەگەڵ سوریادا. ئەمە مایەی تراژیدیا بوو و —پەرەسەندنێکی- دراماتیکی بوو و زۆر خراپە بۆ ناوچەکە. ئایا ئەمە چی دەگەیەنێت بۆ ئایندە؟ و چی دەگەیەنێت بۆ بەهاری عەرەبی؟ پێموایە ئەمانە دوو پرسیاری جیاوازن. با لە بەهاری عەرەبییەوە دەست پێبکەین، زۆر کەس خێرا بوون لەوەی بڵێن ئەمە ئەوەی پیشان دا و ئەوەی سەلماند کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادە نییە بۆ دیموکراسی و بەهاری عەرەبی دەرفەتێکی ڕاستەقینە بوو بۆ گرووپە ئیسلامیەکان بۆ پیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان، پێموایە ئێستا خراپترین توندوتیژی لە سوریا و عێراقدا هەیە و تا ڕاددەیەك لە میسر، بەڵام زۆربەی توندوتیژیەکەی سوریا و زۆربەی توندوتیژیەکەی عێراق لە شەڕەوە سەرچاوە دەگرن، لەو شەڕە ناوخۆییەوە کە لەگەڵ ڕژێمەکەی ئەسەد لە سوریا هەیە و شەڕی ئەمریکا لە عێراق، پێموایە ئەم توندوتیژیە زیاتر گرێدراوی ئەوەیە.

لە ڕاستیدا قۆناغێکی ئینتیقالی نەبوو بەرەو دیموکراتی لەو وڵاتانەدا، ئەوە دەربارەی بەهاری عەرەبی. لەبارەی ئایندەوە، ئەوا بە داخەوە ئایندە باش دەرناکەوێت، بەڵام کێشەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هەر ئەوە نییە کە دەیانەوێت توندوتیژی ئەنجام بدەن، بەڵکو دەیانەوێت خاکی ژێر دەستی خۆیان فراوانتر بکەن و بیرۆکەی خەلافەت و ئیمبراتۆریەتی ئیسلامیان هەیە، زیاتر لەوەی ئێستا هەیە، لەبەر ئەوە ترسی من ئەوەیە ئەوەی لەڕێیە خراپترە، نەك باشتر.

*** ئەو پشێویەی لە ناوچەکە هەیە تەنها بۆ ناکۆکی نێوان ڕژێمی دیکتاتۆری و و لایەنە دیموکراتیەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ناکۆکی نێوان دو مەزهەبەکە دەگەڕێتەوە، شیعە و سوننە، لە ئێستادا دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) لەلایەن سوننەکانەوە پشتیوانی دەکرێت و حزبوڵڵا لەلایەن شیعەکانەوە پاڵپشتی دەکرێت، شارەزایان ڕێگاچارەیەك بۆ ئەمە شك نابەن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت چارەسەری شەڕی تایەفەگەری و تیرۆر و توندوتیژی بکرێت؟**

- کێشەی تایەفەگەری ئەوەیە تاوەکو توندوتیژی زیاتر بێت، ئەوا تایەفەگەری خراپتر دەبێت، کەواتە تاوەکو ئەم توندوتیژیە درێژە بکێشێت، ئەوا زیاتر زەحمەت دەبێت کە کۆمەڵگەیەکی تەبا لە عێراقدا دروست بکرێت، و زیاتر زەحمەت دەبێت بۆ ئەوانەی پشتیوانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) و ئەوانەی پاڵپشتی حکومەتی شیعە دەکەن لە بەغدا، زەحمەت دەبێت بۆیان کە جیاوازیەکانیان بخەنەلاوە بۆ خاتری ئایندە... لە ئێستادا دەنگێکی سوننەی گەورە لە ئارادا نییە کە پشتیوانی حکومەتێکی فرەمەزهەبی بکات... کەواتە دەبێت چی بکرێت، بە داخەوە وەڵامەکە زۆر جێی سەرنج نییە، و وەڵامەکە ئەوەیە باشترین کارێك لەدەستمان بێت بریتییە لەوەی هانی ڕێگاچارەیەك بدەین کە فرەمەزهەبی لە خۆبگرێت.... و کارێك بکەین کە سەرکردە سوننەکان بە تایبەتی خۆیان بە دوور بگرن لە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش). بەڵام ئێستا دۆخەکە باش دیار نییە.

**کێشەی تایەفەگەری ئەوەیە تاوەکو توندوتیژی زیاتر بێت، ئەوا تایەفەگەری خراپتر دەبێت، کەواتە تاوەکو ئەم توندوتیژیە درێژە بکێشێت، ئەوا زیاتر زەحمەت دەبێت کە کۆمەڵگەیەکی تەبا لە عێراقدا دروست بکرێت، و زیاتر زەحمەت دەبێت بۆ ئەوانەی پشتیوانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) و ئەوانەی پاڵپشتی حکومەتی شیعە دەکەن لە بەغدا**

*** دەوڵەتانی ناوچەکە تەنها دەوڵەتی شکستخواردوو نین، بەڵکو بریتین لە دەوڵەتی هەرەسهاتوو و لێکترازاو، ئەمەش بە مانای نەبوونی دەوڵەت و حکومەت دێت، هەروەها بە مانای بوونی میلیشیای چەکداری دێت کە لە ڕێی توندوتیژییەوە حکومڕانی دەکەن و شەڕی ناوخۆ و پشێوی دروست دەکەن، ئەگەر دەوڵەتی شکستخواردوو مەترسی بێت بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی جیهان، ئەوا ئایا دەوڵەتی لەبەریەکهەڵوەشاو چ کاریگەریەکی دەبێت و چ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- ئەوەی ئێمە لە شەڕ و ناکۆکیەوە فێری بووین ئەوەیە دەوڵەتی شکستخواردو لەو وڵاتانەدا کە خودان سەرچاوەی سروشتین وەك پەترۆڵ، ئەوەش دەبێتە مایەی شەڕ و توندوتیژی، ئەمەش دەقا و دەق لە عێراقدا ڕوودەدات، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) سوودیان لە بوونی دەوڵەتی شکستخواردو و لە سوودی سەرچاوە زۆرەکان وەرگرت، وەك داهاتی نەوت، و ئەمەش مایەی ناسەقامگیریە، دەربارەی کاریگەریان لەسەر ئاستی جیهانی، ئەوا دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کاریگەریەکی گەورەی لەسەر سیستمی جیهانی هەبێت.

*** ئایا ڕووخانی سوریا و عێراق تا چ ڕادەیەك نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت؟ ئەمە لە ساڵی ڕابردودا پێشبینی نەدەکرا، بەڵام دوای ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام( داعش) سەرکەوتوو بوون لە داگیرکردنی بەشێکی عێراق و سوریا، ئەوا دەوڵەتی ئیسلامی دادەمەزرێنن و ئەوکاتە سوریا و عێراق وەك دوو وڵات نامێنن، ئایا چیتر گۆڕانی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مایەی سەرسوڕمان نابێت؟**

- هەروەك ئێوە لە من باشتر دەزانن بۆی هەیە کوردستانێکی سەربەخۆی لێبکەوێتەوە، ئەمەش دەبێتە گۆڕانێکی گەورە، ئەگەری ئەوە هەیە بەشە شیعەکەی عێراق جیا ببنەوە، بەڵام ئەوەی لە ناوچەی سوننەدا ڕوودەدات ڕوون نابێت، هەم لە عێراق و هەم لە سوریا. دەکرێت بەخێرایی لەوە تێبگەیت کە سوننەکان لە دژی مالیکی چاوپۆشیان لە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) کرد، هەرچۆنێك بێت زۆر زەحمەتە وێنای ئەوە بکەین کە سوننەکانی عێراق ڕازی بن لە خەلافەتێکی ئیسلامیدابن، ئەوە واقیعی بارودۆخەکە نییە. ئەمە بە مانای ئەوە دێت ئەگەر دووبارە سنورەکان بکێشرێنەوە بە جۆرێك لە ناوەندا پەناگەیەك بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دروست ببێت، ئەوا ئەمە بە مانای ناسەقامگیریەکی دووردرێژ دێت و بە مانای ئەوە نییە دووبارە دارشتنەوەیەك بێت کە سەقامگیری لێبکەوێتەوە. لەبەر ئەوەی لە ناوەندا ئێمە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)مان هەیە. ئەمەش سەرچاوەی ناسەقامگیری دەبێت، مەرج نییە زۆرینەی سوننەکان پشتیوانی خەلافەتی ئیسلامی بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا نایانەوێت شیعەکان باڵادەست بن بەسەریاندا.

*** لە بارودۆخی خوێناوی و ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەرێمی کوردستان کە هێشتا بەشێکە لە عێراق هەرێمێکی دیموکراتی و ئارامە و لە سەروبەندی جاڕدانی سەربەخۆییدایە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك جیهان ڕێز لەم بڕیارەی کوردستان دەگرێت کە ناچار کراوە جاڕی سەربەخۆیی بدات؟**

- ئەمە پرسیارێکی گەورە و پرسیارێکی نادیارە، بەڵام من دەمەوێت حوکمێکی دادپەروەرانەی لەسەر بدەم، پێدەچێت لە ئێستادا بۆچوونەکان لە بەرژەوەندی ئەوە بن کوردستانی عێراق سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت و هاوسۆزیەکی زۆر هەیە بۆ ئەمە بە رەچاوکردنی ئەو بارودۆخەی لە ئێستادا هەیە. ئەگەر لەو تەغتیە ڕۆژنامەوانیە بڕوانیت کە لە ماوەی مانگی ڕابردودا لە ڕۆژئاوادا کراوە، ئەوا زۆر هاوسۆزبوونە لە ئاست کێشەی کوردا، پێموایە ئەوە باشترین کارتی کوردە کە بەکاری بهێنێت ئەوەیە هەر جۆرێك لە سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمیان هەبێت، ئەوا ڕێزێکی زۆر لە مافەکانی مرۆڤ بگرن و پەنابەران لە خۆبگرن، ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی میسداقیەتیان زیاتر بێت و هاوسۆزی زیاتریان هەبێت بۆ سەربەخۆیی. بە ڕەوچاکردنی ئەوەی وترا ئەوا واشنتۆن و ئەمریکا دەزانن ....ئەگەر بیانەوێت یەکێتی دەوڵەتی عێراق بپارێزن، ئەوا پێویستیان بە کوردە و پێویستیان بەوەیە کورد شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بکات، کەواتە لە ناوەندە سیاسییەکانی ڕۆژئاوادا بەرهەڵستی بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ئارادا دەبێت....چونکە پاراستنی یەکێتی عێراق بەوە دەبێت کورد بمێنێتەوە و شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بکات. ئەمە جۆرێکە لە تەنگژە بۆ کورد لە عێراقدا، چونکە ئەگەر سەربەخۆییان دەوێت، ئەوا مەرج نییە شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بکەن، بەڵکو سنوری خۆیان دەپارێزن، بەڵام ئەگەر بیانەوێت پشتیوانی ئەمریکا بەدەست بهێنن، ئەوا دەبێت پیشانی بدەن کە جددین لە شەڕی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)دا.

**دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) سوودیان لە بوونی دەوڵەتی شکستخواردو و لە سوودی سەرچاوە زۆرەکان وەرگرت، وەک داهاتی نەوت، و ئەمەش مایەی ناسەقامگیریە**

**مەرج نییە زۆرینەی سوننەکان پشتیوانی خەلافەتی ئیسلامی بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا نایانەوێت شیعەکان باڵادەست بن بەسەریاندا**

# کاتێ مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە تراژیدیا و هەم گاڵتەجاڕییشی لێدەکەوێتەوە



کازم حەبیب
تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

مێژوو لە ڕووی پرەنسیبەوە بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ڕۆژگارو هەلومەرجی ڕووداوەکان و فاکتەرەکانی ئەو ڕووداوانەدا دێن هەرگیز خۆی دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو ئەگەر لە حاڵەتێکدا مێژوو بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆی دووبارە کردەوە، ئەوا وەك جاران بە تەنیا وەك تراژیدیا نامێنێتەوە، تەنانەت گاڵتەجاڕییەکی گەورەیشی لێدەکەوێتەوە، ستەمکاری و توندوتیژی و ڕق و کینە ئەمانە چەند دیاردەیەکن ڕەنگە دووبارە ببنەوە بە هۆی سروشتی کۆمەڵگا، کە خۆی و دیاردەکانی دیکە بەرهەم دێنێتەوە، دواتر دەکرێ ئەو بارودۆخەی لە ئەنجامی ڕەفتاری ستەمکارانی زەوی دروست دەبێت خۆی بەرهەم بهێنێتەوە، کە دەرئەنجام لەیەك کاتدا دەبنە تراژیدیاو گاڵتەجاڕی، ئەمە ئەو قۆناغەیە کە لە ئێستادا عێراقی تێدا دەژی.

لە ڕۆژی دەی حوزەیرانی ٢٠١٤ هێزێکی دڕندەو تاوانبار، چەند گرووپێك لە ڕێکخستنەکانی تیرۆریستی سەرلێشێواوو بەدڕەسەن پەلاماری شاری موسڵیان دا و داگیریان کرد و بەمەش نەوەستان و دەستی ڕەشیان گەیشتە شوێنەکانی دیکەی پارێزگای موسڵ، کە هەر ئەوان پێشتریش شاری فەللوجەیان گڵاوکردبوو، لەبەردەم ئەو هێرشە تیرۆریستییەو و دوژمنکارە دڕندانەدا کە ڕێکخستنەکانی داعش و چەکدارانی بەعسی عێراقی و گرووپی دیکەی چەکداریدا ئەنجامیان دا، دەبینین چوار لیوای چەکداری بەرچاوی عێراقی لە گۆڕەپانی شەڕدا پاشەکشەیان کرد و چەك و تەقەمەنی و کەرەستەی سەربازییان بەجێهێشت و تەنانەت گیانی خەڵك و سامانی گەلیشیان پشتگوێ خست و خۆیان لەبەردەم ئەو هێزانەدا ڕانەگرت کە تەنیا زمانی کوشتن و کاولکاری و وێرانکردن دەزانن. ئەوانە وەك زیندەوەرو تاعونن جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکاندا ناکەن، جا ئەگەر بگوترێ کە ئەم کشانەوەیە بە بڕیاری سەرەوە ئەنجامدرابێت و بەرپرسی یەکەمی دەوڵەتیش بڵێت گوایە ئەمە فێڵە و ڕوویداوە، بەڵام بۆ خەڵکی ڕوون نەکردەوە ئایا کێ بووە هاندەری ئەم فێڵە و چۆنیش ڕووی دا، کەچی دەبینین کشانەوەی ئەو هێزانە بەهەمان شێوە بەر لەم ڕووداوە لە فەللوجەو شوێنەکانی دیکەش ڕووی دا، کە ئەو کات دەگوترا گوایە تەکتیکیی فەرمییە لە ئامادەباشی بۆ هێرشێکی فراوان بۆ سەر دوژمنان، بەڵام دوژمنان گاڵتە نازانن، ئەوانە بکوژی شارەزان چەندین ئەفسەرو سەربازو هاووڵاتی بێ گوناهیان کوشتووە ڕێزوحورمەتی ئافرەتی دووگیان و منداڵ یان پیر و پەککەوتەو دیل و بریندار نازانن، ئەوانە هەموویان دەبێ بکوژرێن چونکە بە بۆچوونی ئەوان بڕوایان بەوە نییە کە خودی خۆیان بڕوایان پێیەتی.

ئەو بکوژانە ترس و تۆقینیان لەدڵ و دەروونی خەڵکدا چاند، بەهۆی ئەو شێوازە دڕندانەی لە کوشتنی خەڵك و قوربانیان بەبێ هیچ شەڕو پێکدادانێك پیادەی دەکەن، لە ئاکامدا بە سەدان هەزار مرۆڤ ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت و ڕوویان لە شوێنی هێمن کرد، بە تایبەتیش بۆ

هەرێمی کوردستان یان بەرەو بەغداو شوێنی دیکە.
لەبەردەم ئەم واقیعە تاڵ و شکستە کەمەرشکێنەدا، یان دەرکردنی ئەو گەورە ئەفسەرە عێراقییانەی کە ڕژێمی سیاسیی تایفەگەریی لەخۆی گرتوون، لەسەر بنەمای تایفەگەریدا و دانانیان لەشوێنی هەستیاری بەرپرسیارێتی سوپای عێراق و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی نیشتمانی، لەبەردەم ئەو زیانە گەورەی لە گیان و ماڵ وشارو خاکی عێراق کەوت، لێرەدا مرۆڤ پرسیار لەخۆی دەکات و بە دەنگێکی بەرز و بیستراوەوە دەڵێت: چی لەم عێراقە ڕووی دا تا ئەم بوومەلەرزە کاولکارە بێتە ئاراوە؟ ئایا ئەمە لە ئان و ساتی نەبوونی هۆشیاری ڕووی دا، یاخود بە هۆی ئەو ئەو هەڵانەوە بوو لە پلاندانانی بەئەنقەست یانیش لەبەر چەند هۆیەك بوو کە هەندێکیان لای خەڵك ئاشکران و هەندێکی دیکەش وردەوردە بەدەردەکەون؟

**گومان لەوە دەکرێ کە هەموو عێراقییەک نەزانێت ڕژێمی سیاسیی ئێستای عێراق لەوەتەی دە ساڵە ڕژێمێکی تایفەگەرییە و پشت بە بنەمای تایفەگەریی پشکایەتیی سیاسیی نێوان لایەنە تایفی و ئیتنییەکان دەبەستێت**

گومان لەوە دەکەم کە هەر عێراقییەك چ ژن یان پیاو نەزانێت کە ڕژێمی سیاسیی ئێستای عێراق لەوەتەی دە ساڵە ڕژێمێکی تایفەگەرییە و پشت بە بنەمای تایفەگەریی پشکایەتیی سیاسی نێوان لایەنە تایفی و ئیتنییەکان دەبەستێت، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو ڕژێمە جیاکاری بەهەردوو ئاراستە پیادە دەکات بە هەموو ڕەهەندو لایەنەکانی و کاریگەرییەکانیان بۆ سەر کۆمەڵگا.
ئەمە لە بنیادی حکومەت و شێوازی پێکهاتەکەیدا بەدەرکەوت و پێشترو دواتریش لە پێکهاتەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بە هەرسێ خولیەوە هاتەئاراوە، تەنانەت لە گەندەڵی دارایی و ئیداریدا کە ئێستا تەشەنەی کردووە، ئینجا ئەو تیرۆرەی لە زۆربەی ناوچەکانی دیکەی عێراقدا درێژەی هەیە، ئەو ڕژێمەی کە لەسەر بنەمای پشکایەتیی تایفەگەری دامەزراوە لەیەك کاتدا جیاکاریی ئایینی و ئیتنی پیادە دەکات، کە ئەمەش گوناهێکی زۆر گەورەیە دەرحەق بنیادنانی دەوڵەت و حکومەت و دامەزراوەکانی لەسەر بنەمای تایفەگەری کە گەورەترین زیان بە یەکێتیی هاووڵاتیبوون و ڕۆڵ و مافە ئەرکەکانی دەگەیەنێت، مەینەتی و گاڵتەجارییەکانی ڕژێمی تایفەگەری لەو کاتەدا زیاد دەبن کە پیاوێکی ستەمکاری کەلەرەق و بێ توانا لە بیرکردنەوەی ستراتیژیی سەرۆکایەتیی ئەو ڕژێمە بکات، بەڵکو خەمی ئەو تەنیا پیلانگێڕان بێت تاکو بەتەنیاو بەناوی حزبەکەی و پێکهاتەو تایفەکەیەوە جڵەوی حوکم بگرێتە دەست، بەڵام لەراستیدا ئەو تەنیا کۆمەڵگە تێك نادات، بەڵکو لە کۆتاییدا حزب و پێکهاتەکە و تەنانەت خۆیشی لەناودەبات. ئەمەش بۆ سەدام حوسێنیش ڕووی دا کە دیکتاتۆرێك بوو هاوشێوەی دیکتاتۆرەکەی ئێستا لە زیرەکی و لێهاتوویی بە ئاراستەی پیلانگێڕان و خۆگێلکردن لە ئاست هۆشیاریی و بەرژەوەندیی گەل و نیشتماندا، ئەو وڵاتی بەرەو کارەسات و مەینەتییەکی بێ شومار برد.
ئێمە لەبەردەم هەمان ڕەفتاردایین، بەڵام لە بۆتەی کەسایەتییەکی دیکەدا، ئەمە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوی دیکە نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە لە ناخی هەمان کۆمەڵگا سەری هەڵداوە و لەو پێوەندییە ناتەندروستییانە کە جارێکی دیکە سەرهەڵدەدەنەوە. ئەو سیاسەتمەدارە سەرکێش و شکستخواردووە، خۆی و حزبەکەی، سیاسەتێکی سەرکێشانەو تایفەگەریی زۆر سەرسەختانە پیادەدەکەن کە ناتوانن ئاساییش و سەقامگیری و پەرەپێدان و پێشکەوتن بۆ کۆمەڵگا دابین بکەن، کە دەرئەنجام بەرەو ململانێ و کێشەو خوێن ڕشتن سەری کێشا و سیاسەتی جیاخوازیی گرتەبەر لەنێوان شوێنکەوتووی مەزهەبەکان و نەتەوەکاندا، ئەم جۆرە سیاسەتە تەنیا وێرانکاریی لێدەکەوێتەوە.

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بریتانیا ئەو دەرفەتەیان لەدەست دا کە بۆ دامەزراندنی سیستمێکی سیاسیی دیموکراسیی مۆدێرن و فیدرالی تازە بۆ عێراق هاتبووە پێشەوە**

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بریتانیا ئەو دەرفەتەیان لەدەست دا کە بۆ دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی دیموکراسیی مۆدێرن و فیدرالی تازە بۆ عێراق هاتبووە پێشەوە، بەڵکو لەسەر کەلاوەو داروبەردووی ڕژێمی شۆڤینی و تایفیی پێشوو ڕژێمێکی دیکەی تایفەگەری دامەزرا کە ئەمڕۆ عێراقییەکان ڕووبەڕووی دەرئەنجامە خراپەکانی دەبنەوە، مەینەتییەکەی سەردەمی سەدام حوسێن ئەمڕۆ بۆتە مەینەتی و کارەسات لە سەردەمی نوری مالکیدا، بۆیە داواکردن بە وازهێنانی لە سێیەم جار بوونەوە بە سەرۆك وەزیران نەك هەر داخوازییەکی ڕەوایە، بەڵکو پێویستییەکی لە پێشینەیە بۆ دوورخستنەوەی عێراق لە زیانی زیاتری مرۆیی و ماددی.
پێشتر گوتوومانەو ئێستاش هەر دەیڵێینەوە کە ئەو سیاسەتەی لە بەغدا پەیڕەو دەکرێت ناکرێ دەرئەنجامەکانی تەنیا لە بەغدا بێت بەڵکو ناوچەکانی دیکەی عێراقیش دەگرێتەوە، ئەوەی دوێنێ لە موسڵ ڕووی دا دەشێ لە شارو گوندی دیکەش بێتە ئاراوە، کوردستانیش لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی بەدوور نابێت، ئێمە لێرەدا لەبەردەم دەیان هەزار ئاوارەداین کە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان یان ناوچەکانی ئیداری سەر بە پارێزگای موسڵ، کە دوژمنانی دڕندە و بکوژ تا ئێستا دەستیان پێی نەگەیشتووە.
شرۆڤەکارانی سیاسیی عێراقی و بیانی زۆر بیروبۆچوون دەخەنەڕوو کە شایانی سەرنج و تێڕامانن، هەندێك وای دەبینن کە ئەوەی لە فەللوجەو موسڵ و سەلاحەدین و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژئاوای عێراق ڕووی دا، هەروەها ئەو کشانەوەیە بە فەرمییە بریتییە لە ڕێوشوێن و ڕێکاری بە ئەنقەست لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عێراق بەمەبەستی ڕزگاربوون لەو پارێزگایانە تاکو بە ئاسوودەیی حوکمی شوێنەکانی دیکەی عێراق بکات و دوور لە هەرێمی کوردستان کە بە هەموو شێوازێك هەوڵی داوە پێوەندیی لەگەڵ حکومەت و گەلی هەرێم ئاڵۆزبکات، تا کار گەیشتە ئەوەی کە ڕێگە نەدا پشکی بودجە لە گەنجینەی دەوڵەتی عێراق بگاتە هەرێمی کوردستان، ئەمەش مانای وایە کە مالیکی پلانی دابەشبوونی عێراق بە پشتیوانیی

ئێران جێبەجێ دەکات، زۆر جاریش هەندێ لە ئەندامانی دەوڵەتی یاسا کە سەر بە مالیکییە ئەوەیان دووبارە دەکردەوە کە کوردستان لە عێراق جیابێتەوە و لێی ڕزگاربین، ئێستاش ئەوەی هاتەسەر، کە با لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا ڕزگاربین و تەنیا حوکمڕانیی ناوەڕاست و باشووری عێراق و بەغدای پایتەخت بکەین!

هەندێ شرۆڤەکاری دیکەش لایەنێکی دیکەی دەبینن کە مالیکی وایکردووە ڕووداوەکان بەو ئاراستە مەترسیدارە و گرتنی ئەو ناوچانەی عێراقدا بچن، بەمەبەستی ئەوەی جاری یەکەم دووچاری مەینەتی و کاولکاری و لەناوچوونیان بکاتەوە، دواتر بە پشتیوانیی ئەمریکا ئەو ناوچانە بگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، کە لەلایەن هێزەکانی تیرۆریستانی خوێنڕێژەوە داگیرکراون، تا لەبەردەم هەمووان وا خۆی پیشان بدات کە ئەو قارەمانەیە کە ناوچەکانی ڕۆژئاوای عێراق و موسڵی لە چنگ تیرۆریستان ڕزگارکردووە، چونکە بە تەواوی دڵنیایە کە ئەمریکا لە ئێستادا نایەوێت عێراق بکەوێتە ژێردەستی داعش و بەعسییەکانەوە، چونکە ئەو مەترسییانە دواتر دەگەنە ئوردن و فەلەستین، دواتر بتوانێت ئیسرائیلیش بخاتە بەردەم بارودۆخێکی مەترسیدار کە ئەو هەرگیز قبوڵی نییە.

لە هەردوو حاڵەتدا نوری مالیکی نە پێشتر و نەئێستا ئەو کەسایەتییە سیاسییە گونجاوە نییە بۆ حوکمڕانیی عێراق و نابێت بۆ جاری سێیەم ئەو پۆستە وەربگرێتەوە، هەروەها حزبەکەشی بۆی نییە یەکێکی دیکە کاندید بکات، ئەو حزبەی کە ئەو بەرپرسی یەکەم و هەموو سەرکردایەتییەکەی ئێستایەتی، هەر ئەو هۆکاری سەرەکییە لەوەی کە ئێستا لە عێراق و بە درێژایی ئەو چەند ساڵەی دوای ڕووخانی دیکتاتۆریەتی بەعس دەگوزەرێت، تا ئێستا چەندین دەستپێشخەری خراوەتەڕوو تایبەت بە دەستبەرداربوونی مالیکی لە سووربوونی لەسەر ئەو قسەیەی کە جارێك گوتی: ((وەرمانگرت و ئیدی نایدەینەوە))، ئەوەش ساڵی ٢٠٠٢ی عێراقمان بیردێنێتەوە بەر لە شەڕی سێیەمی کەنداو، کاتێ سەدام حوسێن نارازی بوو واز لە دەسەڵات بهێنێت و عێراق بەجێ بهێڵێت و، لەسەر پێشنیاری شێخ زاید بن سوڵتان بچێتە ئیماراتی عەرەبی، دیارە ڕەتکردنەوەی ئەم داوایە کارەسات بوو، کاتێ پێی باش بوو عێراق کاول بێت بە شەڕێکی خوێناوی کە لە ٢٠٠٣ ڕووی دا و تێیدا بە سەدان هەزار هاووڵاتی سڤیل کوژران و ژێرخانی وڵات هەرەسی هێناو بە ملیاران دۆلار زیان بەر عێراق کەوت، لەباتی وازهێنان لە دەسەڵات و بەجێهێشتنی عێراق تا یەکێکی دیکە حوکمی بکات.

ئەمڕۆش مالیکی داخوازیەکانی هێزە سیاسییەکانی عێراق لەوانە هێزەکانی کوتلەی شیعە هەروەها بانگەوازی هێزی نێودەوڵەتی لەوانەش ئەمریکا و فەرەنساش ڕەت دەکاتەوە، ئەویش بەوەی کە خۆی بۆ جاری سێیەم کاندید نەکاتەوە، هەرچەندە ئەو چاك دەزانێ کە عێراقی گەیاندۆتە ئەو زەلکاوەی کە داگیرکردنی وڵاتی لە لایەن هێزەکانی تیرۆرو بەعسەوە بەدوادا هات، هەروەها توانای ئەوەی نییە لە راستیی بارودۆخەکە بگات، چونکە خۆی و حزبەکەی لە ئاست ئەم بارودۆخە کەرو لاڵ و کوێرن، لێرەدا دەبینین کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە بە هەر شێوەیەك بێت، مەینەتی و گاڵتەجاڕیی لەیەك کاتدا بەرهەم دێنێت، کە ئەمەش لە عێراقی ئەمڕۆدا درکی پێ دەکرێت.

گەڕاندنەوەی ئەو خاکەی لەلایەن ڕێکخراوە سەربازییەکانی سەر بە هێزە تیرۆریستییەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراون، هەرگیز عێراق بۆ دۆخی جارانی ناگەڕێنێتەوە، واتا بۆ دەوڵەتی ناوەند، بەڵکو لە ئێستاوە سەرەتای دۆخێکی تازە خەریکە خۆی بەسەر سەرجەم کۆمەڵگادا دەسەپێنێت، دۆخێکی تازەی پێوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و ڕەنگە چەند هەرێمێکی دیکەش کە وا پێویست بکات لە داهاتوودا دابمەزرێن، ئەویش بەهۆی شکستیی حوکمڕانیی پێشووی دەوڵەتی فیدراڵ و دواتریش دوای ڕووخانی دیکتاتۆریەت.

بۆیە تا ئەو کاتە پێویستە حکومەتێکی تازەی نیشتمانی پێکبهێنرێت، حکومەتی ڕزگارکەری نیشتمانی لەدەست ئەوانەی داگیریان کردووە، جا ئەوانە تیرۆریستی تەکفیری بن یان ڕژێمی سیاسیی تایفەگەری، کە ئەرکی داگیرکردنی عێراقی بە شێوەیەکی دڕندانە ئاسان کرد. عێراق تەنیا بەوە چاك دەبێت کە دەوڵەتێکی مەدەنی دیموکراسی فیدراڵی دەستووری و سیستەمێکی سیاسیی دیموکراسی دوور لە تایفەگەری دابمەزرێت، کە پشت بە پرەنسیپەکانی ئازادی و دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان و ڕێزگرتن لە ئایین و مەزهەبەکان ببەستێت و دەوڵەتیش لە بازنەی ئایین و مەزهەبکاری دووربخاتەوەو ئاسایش و ئاشتی و پەرەپێدان بۆ وڵات دابین بکات.

لە ئێستادا ئەرکەکە وا دەخوازێت، لە پاڵ پێکهێنانی حکومەتێکی ڕزگاریی نیشتمانی، دەستپێشخەریی بکرێت بۆ یارمەتیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە حەواندنەوەی دەیان هەزار ئاوارەی تازە، هاوکات ئەو کۆچبەرانەی لە ناوچەکانی دیکەی پارێزگای موسڵ ڕوویان تێکردووە، هەروەها ڕەوشی مرۆییان بۆ دابین بکات و لە دەستدرێژیی تیرۆریستان بیانپارێزرێت، هاوکاریی لەگەڵ ڕێکخراوە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان دەستەبەربکات بۆ پێشکەش کردنی کۆمەکی پێویست بۆ ئەو ئاوارەو کۆچبەرانە.

پاراستنی هەرێمی کوردستان لە هێزە تیرۆریستییەکان بە جیاوازیی ئاراستە سیاسییەکانیانەوە، وا پێویست دەکات هەوڵی زیاتر بدرێت لەلایەن هێزو حزبە سیاسییەکانی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی یەکێتیی نێوانیان لەبەردەم ئەو ڕەشەبایەی کە لە ناوخۆ و لەو دیو سنوورەکانەوە هەڵیکردووە تاکو بتوانرێت بەسەر ئەو بەد ڕەسەنانەدا سەربکەون.

**گەڕاندنەوەی ئەو خاکەی لەلایەن ڕێکخراوە سەربازییەکانی سەر بە هێزە تیرۆریستییەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراون، هەرگیز عێراق بۆ دۆخی جارانی ناگەڕێنێتەوە**

**لە ئێستادا ئەرکەکە وادەخوازێت، لە پاڵ پێکهێنانی حکومەتێکی ڕزگاریی نیشتمانی، دەستپێشخەری بکرێت بۆ یارمەتیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە حەواندنەوەی دەیان هەزار ئاوارەی تازە**

عەلی سام ئاغا سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:

# کورد کاتێک خاوەنی دەوڵەت بووە گەلانی دیکە لە جنۆکەی دەریا دەترسان





پرسی دەوڵەتی کوردستان ئامانجی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتەیە و هەموویان بە هیواوە لەو هەوڵانە دەڕوانن کە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم قۆناخە هەستیار و مێژووییەدا خەباتی بۆ دەکات، هاوبیرانی نەتەوەیی بەوجۆرە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستە دەکەن کە نابێت بە هیچ جۆرێك و لەژێر هەر بارودۆخێکدا ئەم پرسە پاشکەشەی لێبکرێت و دەبێت دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێت، بەتایبەتی لە ئێستادا کە هەلومەرجێکی مێژوویی هاتۆتە پێشەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە و زەرورەتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، سەردانی بەڕێز عەلی سام ئاغامان لە شاری سلێمانی کرد. بەڕێز سام ئاغا وەك لەم دیمانەیە بۆی باسکردین، ئەو پێش حەوت ساڵ لە دامەزراندنی کاژیك هەڵگری بیری نەتەوەیی بووە و ئامانجی دامەزراندنی سەربەخۆیی کوردستان بووە. بۆ قسەکردن لەسەر دەوڵەتی کوردستان و ڕەهەندەکانی بیری نەتەوەیی، عەلی سام ئاغا بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.

*** لە ئێستادا بارودۆخی کوردستان بۆ زەمینەسازی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان چۆن دەبینن؟**

- ئێستا دەرفەتێکی گەورەی مێژوویی بۆ گەلی کوردستان هاتۆتە ئاراوە و پێویستمان بەوەیە هەموو یەك دەنگ و یەکڕیز بین، هەروەها هەموومان یەك ئایدیۆلۆژیەت و یەك بیروبۆچوونمان هەبێت، دەبێت ئەم ئایدیۆلۆژیەت و بیروبۆچوونەش بۆ ئەوە بێت ئێمەش وەك هەموو گەلانی سەر ئەم زەمینە کە زیاترلە ٤٠-٤٥ ملیۆن کەسین مافی خۆمانە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان هەبێت، یەکێکین لە نەتەوە هەرە دێرینەکانی ئەم جیهانە کە لە ساڵی ٧٠٠ی پێش زاین وەك میدیاکان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان بووین و توانیوومانە ئازادی بۆ خۆمان و ئەو نەتەوانەی لەگەڵیشمان ژیاوە و لە ساڵی ١٦٠٠ پێش زاین دەوڵەتی (میاتانی)مان هەبووە، ئەمەش واتە ئەو کاتەی کورد خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بووە، ئەوروپاییەکان لە دەریاکان دەترسان و دەیانگووت جنۆکەی هەیە، کەچی ئێستا ئەوانە هەموویان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن و دەچنە سەر ئەستێرەکانی مەریخ و موشتەری و ئێمەش هەر ژێردەستەین.

*** هەر سەبارەت بە بایەخی یەکڕیزی نێو ماڵی کورد، بێگومان کورد لەسەردەمی جەنابی مەلا مستەفا بارزانی یەکڕیز و یەکگرتوو بوو، پرسیار ئەوەیە تاچەند ئەو یەکڕیزی و یەکگرتووییەی سەردەمی جەنابی مەلا مستەفا بارزانی بۆ ئێستا گرنگە؟**

- تۆ باسی جەنابی مەلا مستەفا بارزانیت کرد، من دەمەوێت لەم دیدارەدا بەسەرهاتێکی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە کە بۆ یەکەم جار مەلا مستەفام بینیووە، دیارە لە ساڵی ١٩٦٤ جەنابی مەلا مستەفا بارزانی هاتە گوندی ئاوکورتێ کە گوندێکە لە پشتی ماوەت لە پارێزگای سلێمانی و ئەم گوندە تەنیا ئاوێك لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی جیادەکاتەوە، کە بارزانی هاتە ئاوکورتێ، من و ئەحمەدی حەسەن بەگی بابان (مامۆستا ئەحمەد هەردی) هەردووکمان کاژیك بووین، لەو ڕۆژەدا داوای سەربەخۆیی کوردستانی گەورەمان دەکرد. لەسەربانی ماڵەکان پیاسەمان دەکرد، خەڵکێکی زۆر زۆر چووبووە پێشوازی جەنابی بارزانی. بۆیە من و ئەحمەد هەردی لەبەرئەو قەرەباڵغیە لە دوورەوە سەیرمان دەکرد، ئاغاکانی میراودەلی زۆر بە بەخشندەیی پێشوازی بارزانییان کرد و ئەو لەسەر ئەسپێك بوو، دیارە کە لە ئەسپەکەی دابەزیبوو، ئەو ئێمەی لەدوورەوە بینیبوو. بۆیە بە حەسەن ئاغای ئامۆزامی وتبوو ئەوانە کێن، بەڵام ئێمە ئاگاداری ئەمە نەبووین، کە حەسەن

ئاغا ناردی بەشوێنماندا ئەمەی بۆ گێڕاینەوە، پێی گوتین جەنابی بارزانی داوای کردووە بمانبینێت، کە چووینە خزمەتی دیوەخان جمەی دەهات، لەو کاتە باڵی مەکتەبی سیاسیی لە ئاوکورتێ نەمابوون و پەڕیبوونەوە دیوی ئێران، کە چووینە دیوەخانەکە بینیمان عەلی شەنگالی یاوەری بارزانی بوو، ئەو هاتە لامان و پێی گوتین، ئێستا خەڵکێکی زۆر لای جەنابی بارزانییە، ئێوە شەو وەرنە لای چۆڵ دەبێت و دەتوانن بچنە لای و قسەتان لەگەڵ دەکات، ئێمە گەڕاینەوە، شەو کە دیسان لەگەڵ ئەحمەد هەردی چووینەوە خزمەتی، ئەم جارە بینیمان چەند ئەفسەرێکی عەرەب لای بارزانین، ئەو ئەفسەرانە شیوعی بوون کە پێشتر لایەنگیری حکومەتی عەبدولکەریم قاسمیان دەکرد، دوای ئەوەی بەعس کودەتای کردبوو و کەوتە لێدانی شیوعیەکان، هاتبوون پەنایان بۆ شۆڕشی کوردستان هێنابوو و پەنایان بۆ مەکتەبی سیاسیی هێنابوو، بەڵام مەکتەبی سیاسی داڵدەی نەدابوون، ئەوانیش چووبوونە لای بارزانی، بۆیە کە چووینە لای بارزانی ئەو ئەفسەرانەشی لابوو، ئەحمەد هەردی بە منی گوت تۆ قسەبکە، پاش ئەوەی جەنابی بارزانی زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین و سەروو جگەرەی سیغاری پێشکەش کردین، ئەوجا ڕووی تێکردین و پێی گوتین: ئێوە پارتین؟ منیش وەڵامم دایەوە و گوتم: نەخێر قوربان ئێمە پارتی نین و کاژیکین؟ ئەوجا پرسیاری لێکردین ئەی ئێوە ئەفەندین چی دەکەن لێرە؟ وتم قوربان من سەرۆکی وردبینەرانم لە فەرمانگەی خەزێنەی سلێمانی، کاك ئەحمەد هەردیش مامۆستایە لە سلێمانی، بەڵام ئێستا پشووی هاوینەیە لە ترسی حکومەت هاتووین بۆ ئێرە نەوەك بمانگرن، دوای ئەمە جەنابی بارزانی لێی پرسین، ئێوە لە کاژیك ئامانجتان چییە و بۆچی تێدەکۆشن؟ ئێمەش پێمانگوت، قوربان بەڕاستی ئێمە دەمانەوێت کوردستانێکی سەربەخۆ و دیموکراتی دابمەزرێت. لە وەڵامی ئەمەدا پێی گوتین ئەمە ئامانج و هیوای هەمووومانە، بەڵام ئایا لەم کاتە ئەمەمان بۆ دەکرێت؟ ئێمەش لە وەڵامدا پێمان گوت، قوربان ئەگەر سەیری مێژوو بکەیت، هیچ شۆڕش و بزووتنەوەیەك داگیرکەران نەیانتوانیوە دایبمرکێننەوە، ئەوەی دایمرکاندۆتەوە نۆکەر و خۆفرۆشانی ناوخۆبوون کە هەمیشە بوونە پواز و دارەکەیان شەقکردووە، بۆیە ئەگەر هەموو یەکگرتووبین ئەو ئامانجەشمان بۆ دێتەدی، لە وەڵامی ئەمەشدا جەنابی بارزانی پێیی گوتین، ئێوە هەرچی دەکەن بڕۆن بیکەن من پشتگیرتان دەکەم، ئەوە ئامانجی هەموو کوردێك و کوردستانییەکە. بۆیە جیاوازی نێوان جەنابی بارزانی نەمر و هەر سەرکردەیەکی دیکە ئەوەبوو بارزانی تەنیا کوردایەتی دەکرد، ئەو ماوەی پەنجا ساڵ لەو چیایانەی کوردستان و لە ئەشکەوتەکان دەژیا بۆ ئەوەی کورد ببێتە خاوەنی قەوارەیەك و ناسنامەی خۆی، لە ئێستادا هەموو ئومێدمان جەنابی سەرۆك مسعود بارزانییە کە پشتیوان بەخوا لەسەر هەمان ڕێباز و ڕێگای بارزانی هەنگاو هەڵدەگرێت.

*** لە ئێستادا ئەرکە گەورەکەی جەنابی بارزانی نەمر کەوتۆتە سەر شانی سەرۆك مسعود بارزانی، لەم ئەرکە گرنگ و قورسەی ئێستا لەسەر شانی سەرۆك مسعود بارزانییە، پێویستی بە هاوکاری و پشتگیری هەموو تاکێکی کوردستان هەیە بۆ ئەوەی بگەینە دوا هیوامان کە دەوڵەتی کوردستانە، ئایا چۆن پشتیوانی سەرۆك مسعود بارزانی بکەین؟**

- من وەك کەسێك کە تەمەنم ٨٠ ساڵی تێپەڕاندووە و خەڵکی شاری سلێمانیم، بە دڵنیاییەوە دەڵێم هەموو خەڵکی سلێمانی پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات، لەگەڵ بیروباوەڕی نەتەوەیی و سەربەستی دایە. بۆیە لەم هەنگاوەدا پشتیوانی لە سەرۆك مسعود بارزانی دەکەن، هەموو کورد و کوردستانییەك پشتیوانی لە سەرۆك مسعود بارزانی دەکەن و هانیدەدەین پەشیمان نەبێتەوە لە هاتنەپێشی هەر بارودۆخێك، لەبەرئەوەی ئەم هەلە زێڕینەی ئێستا بۆمان هاتۆتە پێشەوە، بە گفتوگۆ و دانوستاندن دروست نەبووە، دووسەد ساڵی دیکەش چاوەڕێ بکەین بە گفتوگۆ و دانوستاندن هەلێکی دیکەی ئەوا لەبارمان بۆ دروست نابێتەوە، بۆیە ئەگەر ئەمجارەش ئەم هەلە بخەینەوە سەر مێزی گفتوگۆ، ئەوا ئەمەشمان لە دەست دەچێت، لەبەر ئەوەی ئەم بارودۆخە دەریخست کێشەی ئێمە لەگەڵ دەموچاوی کەسەکان نین، با سەیری ئەو ١٠ ساڵەی ڕابردوو بکەینەوە، بزانین چەند سەرۆك وەزیران هاتن و هەموویمان تاقیکردەوە، بۆیە هەر کەسێکیان بوو بە خاوەنی هێزی خۆی لە نوری مالیکی باشتر نییە، بۆیە دەبێت ئەم هەلە سوودی لێ وەربگرین و نەیخەینەوە سەر مێزی وتووێژ و دانوستاندن. لەبەرئەوەی داگیرکار ڕەحم بە نەتەوەی ژێر دەستی خۆی ناکات. بۆیە ئەوەی بۆتە جێگەی ئومێد بۆ هەر کەسێك هەڵگری بیری نەتەوەیی بێت و ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بێت، سەرۆك مسعود بارزانییە. هەموومان بە دڵ و بە گیان و بە خوێن لەگەڵ سەرۆك مسعود بارزانین.

*** لەم هەلومەرجە مێژووییەی کە بۆ کوردستان هاتۆتە پێشەوە، بە داخەوە کاتی خۆی بۆ جەنابی مەلا مستەفا بارزانی دروست نەبوو هەتا دەوڵەتی**

**جیاوازی نێوان جەنابی بارزانی نەمر و هەر سەرکردەیەکی دیکە ئەوەبوو بارزانی تەنیا کوردایەتی دەکرد، ئەو ماوەی پەنجا ساڵ لەو چیایانەی کوردستان و لە ئەشکەوتەکان دەژیا بۆ ئەوەی کورد ببێتە خاوەنی قەوارەیەک و ناسنامەی خۆی، لە ئێستادا هەموو ئومێدمان جەنابی سەرۆک مسعود بارزانییە کە پشتیوان بەخوا لەسەر هەمان ڕێباز و ڕێگای بارزانی هەنگاو هەڵدەگرێت**

**هەموو کورد و کوردستانییەک پشتیوانی لە سەرۆک مسعود بارزانی دەکەن و هانیدەدەین پەشیمان نەبێتەوە لە هاتنە پێشی هەر بارودۆخێک، لەبەرئەوەی ئەم هەلە زێڕینەی ئێستا بۆمان هاتۆتە پێشەوە، بە گفتوگۆ و دانوستاندن دروست نەبووە، دووسەد ساڵی دیکەش چاوەڕێ بکەین بە گفتوگۆ و دانوستاندن هەلێکی دیکەی ئەوا لەبارمان بۆ دروست نابێتەوە**



**ئێمە هەموو ئەوانەی کە خۆمان بە هەڵگری بیروباوەڕی نەتەوەیی دەزانین سەرۆک مسعود بارزانی وەک پاڵەوانی نەتەوە سەیردەکەین، ئەگەر لەسەر ئەم ڕێگەی گرتوویەتی بەردەوام بێت**

**سەربەخۆی کوردستان ڕابگەیەنێت، بەڵام ئەوەی بۆ ئێستا جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی زۆر بە لۆژیکانە مامەڵە لەگەڵ ئەم هەلومەرجە مێژووییە دەکات و توانیوویەتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پشتگیریەکی زۆر باش کۆبکاتەوە، هەروەها لەسەر ئاستی ناوخۆش توانیوویەتی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لەناو هێزە کوردستانیەکان دروست بکات، لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بنەمایەکی پتەوی بۆ سەربەخۆیی ئابووری کوردستان دروستکردووە، ئایا بەڕێزت وەك کەسێکی نەتەوەیی چۆن سەیری ئەم هەنگاوانەی سەرۆك بارزانی دەکەیت بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان؟**

- پێش هەمووشت دروستکردنی بنەمایەکی ڕاست و دروست بۆ هاتنەکایەی ئابوورییەکی سەربەخۆ بۆ کوردستان، ئەوە ئەو بنەما ئابوورییە دەبێتە کۆڵەگەی سەرەکی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، با سەرنج بدەین ئێستا تورکیا خۆی نەوتی کوردستان دەگوازێتەوە، ئەمە لە بنەڕەتدا بۆتە بنەمایەك بۆ بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان کوردستان و تورکیا، لەبەر ئەوەی ئێمە بووینە توخمێك لە ناو هاوکێشەی وزەی جیهان، ئەم بنەمایە وا دەکات هەموو دەوڵەتێك لە دونیادا دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنێت، لەبەرئەوەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ کوردستان بۆ دروست بوو، ئەوا ئەو بەرژەوەندیە وا دەکات دان بە دەوڵەتی کوردستاندا بنێن، مەترسی گەورە لەسەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان ئەو دەوڵەتانەن کە بەشێکی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، ئێستاش بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، گرنگترین گۆڕانکاری هەڵوێستی تورکیایە تەنانەت ئەگەر پارتە ڕەگەزپەرستەکانیش بێنەوە دەسەڵات کە پێناچێت جارێکی دیکە دەسەڵات وەربگرنەوە، لەبەرئەوەی کوردستان بۆتە خاوەنی سەرچاوەی وزە ئەوانیش هەڵوێستیان دەگۆڕێت، بەڵام هەموو ئەو گۆڕانکاریانە پەیوەستن بە یەکڕیزی نێو ماڵی کورد و گرنگ ئەوەیە دووبەرەکیمان تێدا دروست نەبێت، بۆیە ئەگەر خۆمان یەکڕیز و یەکگرتوو بین، ئەوا لەسەدا سەد جیهان پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکات، بۆیە من پێموایە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لە ئێستادا دەبێت زۆر لۆژیکانە یەکڕیزی نێو ماڵی کورد بپارێزێت، ئەو هەموو قۆناخەکانی تەواوکردووە، تەنیا ئەرکی قورس لەسەرشانی سەرۆك بارزانی، ئەوەیە بە لۆژیکانە یەکڕیزی ماڵی کورد بپارێزێت و ڕێگە

نەدات دووبەرەکی دروست بێت، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە پشت بەخوا هەنگاو بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان هەڵبگرێت و سەریش دەکەوین.

*** بەڵام هەتا ئێستاش هەندێك دەڵێن کاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەی سەربەخۆی کوردستان نییە، ئەی بەرامبەر ئەوانە چی دەڵێیت؟**

- من وەك کەسێکی نەتەوەیی ئەوانە بە ڕێگر لەبەردەمی ئاواتەکانی کورد و بە بەشێك لە داگیرکەرانی کوردستانیان دەزانم، بۆیە گرنگە ئێمە سەیری ڕای گشتی بکەین، من دڵنیام ئێستا ڕاپرسی بکرێت، خەڵکی کوردستان بە ڕێژەی ٩٩,٩٪ لەگەڵ سەربەخۆیی و لەگەڵ هەنگاوەکانی بارزانین بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە مادام جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی ئەم ڕێگەی گرتووە بۆ ئەوەی کار بۆ دەوڵەتی کوردستان بکات، ئەوا ئێستا وەك پاڵەوانێکی نەتەوەیی سەیردەکرێت، ئینجا هەندێك هەن نایەنەوێت ئەم ڕۆڵەی بارزانی بسەلمێنن یان چاویان بەرایی نایەت ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە، بۆیە جەنابی سەرۆك بارزانی پێش ئەم هەنگاوەی چەند بەرێز و شکۆداربووە لەناو خەڵکی کوردستان، ئێستا سەد ئەوەندەی دیکە لای خەڵکی کوردستان خۆشەویست بووە و بۆتە جێگەی ئومێد بۆ هەمووان، ئەمەش لەبەرئەوەیە هەنگاوەکانی بارزانی هیوا و خواستی هەر تاکێکی کوردستانە، هەموو خەڵکی کوردستان ئەنفال و ژینۆسایدی داگیرکەرانی کوردستانی لەبەر چاوە، هەر لەم ماڵەی خۆمان کە ئێستا لێی دانیشتووین لە ساڵی ١٩٩١ کاتێك لە کۆڕەوەکە ڕۆیشتین هەموو ماڵەکەیان تالان کردین و ١٢ کتێبی دەستنووسم هەبوو ئەوانەشیان تالانکردبوو. بۆیە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان پێوەندی بەکەسەوە نییە و تەنیا پێویستی بە ئیرادەی کوردە، ئەورووپا ڕای گۆڕاوە، ئەمریکاش تەنیا بەسەر زارەکی ئەڵێ لەگەڵی نیم، کە بووە ئەمری واقیع ئەمریکا ڕای دەگۆڕێت، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە هەموومان ببین بە پشتیوانا بۆ سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئەوەی ڕۆژێك زووتر ئەم دەوڵەتە ڕابگەیەنێت.

*** ئێوە خەڵکانێکن خۆتان بە هەڵگری بیری نەتەوەیی دەزانن، ئێوە ئاگادارن کە بیری ناسیۆنالیستی زۆر پەسەند نییە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە جیاوازی نێوان بیری نەتەوەیی کوردی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوا و قەومیەی عەرەبی چییە؟**

- بیری نەتەوەیی کورد نە قەومیەتی تورك و فارس و عەرەبە، نە ناسیۆنالیستی ڕۆژئاواشە. ئەمەش لەبەرئەوەیە ناسیۆنالیستی تورکی و عەرەبی و فارسی، ناسیۆنالیستێکی داگیرکارییە، بەڵام بیری نەتەوەیی کوردی ڕزگاریخوازییە، ئەوان دەیانەوێت نەتەوەیەکی دیکە بتوێننەوە، بیری نەتەوەیی کورد دەیەوێت نەتەوەیەك ڕزگاربکات، ئەوان دەیانەوێت خاکی نەتەوەیەکی دیکە داگیربکەن، ئێمە دەمانەوێت خاکی خۆمان ڕزگاربکەین، ئەوان تەماعیان لە خاکی نەتەوەیەکی دیکەیە، ئێمە تەنیا چاومان لە خاکی خۆمانە و ڕێز لە خاکی ئەوان دەگرین، لەبەرئەوە بیروباوەڕی نەتەوەیی کورد نە بیروباوەڕێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستییە، نە بیروباوەڕێکی ناسیۆنالیستی ڕۆژئاواشە، ئێمە دەمانەوێت وڵاتە دابەشکراوەکەمان یەکبخەین و ڕزگاری بکەین، چاومان لە بستێك خاکی هیچ نەتەوەیەك نییە، ئینجا ڕەسەنایەتی بیروباوەڕی نەتەوەیی کوردی ئەوەیە، نە خاکی نەتەوەیەکی دیکە داگیردەکا نە نەتەوەیەکی دیکە دەچەوسێنێتەوە، بە پێچەوانەوە هەوڵدەدا برایەتی و هاوکاری دروست بکات، بۆیە هەتا خاکمان داگیرکراوبێ، هیچ کام لە داگیرکاران برامان نین و ئامادەش نابین برایەتیان لەگەڵ دروست بکەین، بەڵام هەر کاتێ لە خاکی ئێمە نەمان و چوونە دەرەوە، بەڵێ برامان دەبن و ڕێزیشیان دەگرین. هەر بۆیە ئەوانەی بیروباوەڕی نەتەوەییان هەبوو جەنابی بارزانی ڕێزی لێ دەگرتن، هەروەها جەنابی کاك ئیدریس بارزانیش هەڵوێستی بەرامبەر کاژیك باش بوو ڕێزی لێ دەگرتن. ئێستاش دەمەوێت ئەوەتان پێ بڵێم، ئێمە هەموو ئەوانەی کە خۆمان بە هەڵگری بیروباوەڕی نەتەوەیی دەزانین سەرۆك مسعود بارزانی وەك پاڵەوانی نەتەوە سەیردەکەین، ئەگەر لەسەر ئەم ڕێگەی گرتوویەتی بەردەوام بێت و هەنگاو بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەڵبگرێت.

حەزدەکەم لێرەدا باسی یەکێك لە کارە پاڵەوانییەکانی جەنابی بارزانی بکەم، من بۆ مێژوو دەڵێم کاروانی ئاراسی بارزانی کە توانی سنوری سێ دەوڵەتی داگیرکار ببڕێت و بگاتە سۆڤیەت، ئەگەر زۆر لە ڕێ ڕۆشتنە گەورەکەی ماو تسیتۆنگ گەورەتر نەبێت، لەو کەمتر نییە. بەڵام سەیربکەن لەبەرئەوەی چین دەوڵەتە بۆتە سەر وێردی زاری هەموو کەسێك، بەڵام لەبەرئەوەی کورد دەوڵەتی نییە، کاروانی ئاراسەکەی بارزانی وەك ئەو نەبۆتە ڕووداوێکی جیهانیی، بۆیە ڕوودەکەمە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی و پێی دەڵێم: تو خوا ڕێبازەکەی بارزانی تەواو بکە و دەوڵەتی کوردستان ڕابگەیەنە.

**داگیرکار ڕەحم بە نەتەوەی ژێر دەستی خۆی ناکات. بۆیە ئەوەی بۆتە جێگەی ئومێد بۆ هەر کەسێک هەڵگری بیری نەتەوەیی بێت و ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بێت، سەرۆک مسعود بارزانییە. هەمووومان بە دڵ و بە گیان و بە خوێن لەگەڵ سەرۆک مسعود بارزانین**

**من وەک کەسێکی نەتەوەیی ئەوانە بە ڕێگر لەبەردەمی ئاواتەکانی کورد و بە بەشێک لە داگیرکەرانی کوردستانیان دەزانم کە دەڵێن کاتی ڕاگەیاندنی دەوڵەی سەربەخۆی کوردستان نییە**

**بیری نەتەوەیی کورد نە قەومیەتی تورک و فارس و عەرەبە، نە ناسیۆنالیستی ڕۆژئاواشە. ئەمەش لەبەرئەوەیە ناسیۆنالیستی تورکی و عەرەبی و فارسی، ناسیۆنالیستێکی داگیرکارییە، بەڵام بیری نەتەوەیی کوردی ڕزگاریخوازییە**

# کوردستان و تورکیا کێڵگەیەکی نوێی سیاسی

## (٢)



دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

ڕەگوڕیشــەکانی ئەو کێڵگە سیاسییە نوێیەی کە لەنێوان ئەم دیو و ئەو دیوی ســنووردا دروســتبووە (حکومەتی هەرێم و تورکیا)، دەگەڕێتەوە بۆ چرکە ساتێکی گرنگ لە مێژووی نزیکی تورکیادا کە بریتییە لە کودەتای (کودێتا) ســاڵی ١٢ سێپتەمبەری ١٩٨٠ لەلایەن ســوپاوە. لەم چرکەساتەدا، دەوڵەتی نوێی تورکی بیناکراو لەسەر پرانسیپی «ئاسایش» و پشتبەستوو بە دەزگای داپڵۆسێنەری پۆلیســی، دوو دوژمنی ســەرەکی بۆ خۆی دەستنیشانکرد، دوو دوژمــن کە گەربێت و بەردەوام ڕاویاننەکات و لە بۆســەدا نەبێت بۆیان، دەتوانن لە هەر دەرفەتێکدا بۆیان بلوێت، جمهوریەتی تورکی ڕاوبکەن و لەناوی بەرن! ئەم دوو دوژمنەش بریتیبوون لە ئیسلامی سیاسی تورکی لەلایەك و بزووتنەوەی کوردی لە تورکیا و عێراقدا لەلایەکی دیکەوە.

لــە جیهانبینیــی نەوەی نوێی جمهوریەتدا، ئیســلامی سیاســی هەڕەشــەی یەکەمە بەســەر شوناســی دەوڵەتەوە کــە بریتییە لە «عەلمانیەت». چەند ئیســلامی سیاسی ســەرکەوێت، هێندەش مەترســی لەســەر، نەك هەر دەوڵەت و دەزگاکانی، بەڵکو لەسەر کۆمەڵگە و چوارچێوەکانی پێکەوە ژیان دروســت دەبێت. ئەم نەوە پۆلیســیەی جمهوریەتی تورکی پێیوابوو کە ئیســلامی سیاسی یەکســانە بە «کۆنەپەرســتی»، بە «دواکەوتن»، بە «گەڕانەوە بۆ زەمەنی بەرد». لەم گۆشــەنیگایەوە، تەواوی دەرگاکانی لەسەر داخســت و لەڕێگای دادگای بەسیاسیکراوەوە، هەموو ڕێگاکانی لێگرتن.

هەر لەم جیهانبینییــەدا، بزووتنەوەی کوردایەتیش، (بەبێ جیاوازی لەنێــوان کوردســتانی تورکیا و کوردســتانی عێراقــدا)، وەك هەڕەشــە لەســەر یەکێتی نیشــتمانی تورکیا و هەڕەشە لەسەر ئاشــتی کۆمەڵایەتی و هاوئاهەنگی کۆمەڵگەیــی وێنادەکرا. تارمایی «ڕێککەوتننامەی ســیڤەر» بەسەر ڕۆحی هەر یەکێك لەم نــەوە نوێیەی جمهوریەتــەوە بوو. پێیانوابــوو، تەنها وەڵامێك بە ڕێککەوتننامەی ســیڤەر (١٠ ئۆگســت ١٩٢٠)، بریتییە لە زەبروزەنگــی ڕادیکاڵی دەوڵەت بەرامبــەر هەر ئەکتەرێك کە ئەم «خاچەی» بەسەر شانەوەبێت.

لێــرەوە، نەوەی نوێی جمهوریەت، کــە خۆی بە میراتگری خەباتی موســتەفا کەمال دەزانی، لەیەککاتدا لە جەنگدابوو بەرامبەر دوو بەرە: بەرەی ئیسلامی سیاسی تورکی لەلایەك و بەرەی بزووتنەوەی کوردایەتی لەلایەکی دیکەوە. بێگومان لێرەدا وشەی جەنگ تەنها لەسەر ئاستی ڕەمزی بەکارناهێنرێت، بەڵکو لەسەر ئاستی فیزیکیش. واتە جەنگێك بە زرێپۆش و فڕۆکە و کەشتی و سەربازەوە. جەنگێك کە زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس دەکات بە قوربانی.

بە درێژایی نەوەدەکانی ســەدەی ڕابوردوش، مامەڵەی جمهوریەتی تورکی لەگەڵ کوردســتانی عێراقدا، تەنها و تەنها لەســەر ئەم جیهانبینیە پۆلیســیە دامەزرابوو. فشــاری بەردەوامی بۆ ســەر پارتی دیموکراتی کوردســتان و یەکێتی نیشــتمانی کوردستان بۆ ڕاگەیاندنی جەنگــی «براکوژی» لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردســتاندا و هاندانی بەردەوامــی تورکمانەکان دژ بە هەرێمی کوردستان و پاشــان گەمارۆی ئابووری و سیاسی لە سەر هەرێم تەنها چەند ئاماژەیەکن کە بێ پێچ و پەنا دەمانبەنەوە ســەر ئەم جیهانبینیە پۆلیسییە.

هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ی تورکیا و گەشتنە دەسەڵاتی پارتی داد و گەشــەپێدان، کە بزووتنەوەیەکی پۆست ئیسلامیستی تورکییە، یەکــەم گورزی پۆڵایین بوو لەم جیهانبینیە پۆلیســیە و لەرزینی ســتراتیژیەکانی، چ سەبارەت بە ئیسلامی سیاسی و چ سەبارەت بە کوردایەتی.

لە ســاتەوەختێکدا کــە تورکیای ئەردۆگان دەیەوێت پشــتبکاتە سیاسەتی بیناکراو لەسەر ئاسایش و سەقامگیری، جارێکی دیکە و لە ئاســتێکی نەخواســتراودا، داگیرکردنی عێراق لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانــی ئەمریکاوە لــە ٢٠٠٣ دا، جمهوریەتی تورکی ناچــاردەکات بەوەی کە ســەرلەنوێ ئەم مەلەفــە دەربێنێتەوە و بیخاتــەوە ئەولەویەتی کارەکانیەوە، بێگومان بــە جیهانبینیەکی جیاواز و ســتراتیژیەتی دیکەوە. من ئــەم مۆدێلە تازەیە ناودەنێم: ئیدارەکردنی ڕووبەری کورد لە ڕێگای هەژموونەوە، ســەلماندنی کوردبوون لەڕێگای ماڵیکردنەوە.

ئــەم مۆدێلــە تازەیە بە ئازارێکی ســەختەوە لەدایکبوو. ســوپا، ڕکابەرە سەرسەختەکەی حکومەت، هەموو تواناکانی «مۆبیلیزە/تەعبئە»کرد بۆئەوەی سیاسەتی ئیدارەکردن و سەلماندن لەباربەرێت، ئەمەش لەڕێگای پشــتیوانیکردن لە حیزبەکانی ئۆپۆزیســیۆن و کەمالیســتەکانەوە، کۆسپ دروســتکردن لەبەردەم کاندیدکردنی عەبدوڵڵا گویل لە ٢٠٠٧ دا بۆ پۆستی سەرۆکایەتی، هەڕەشەکردن لــە قەدەغەکردنی پارتی داد و گەشــەپێدان لە ڕێگای دادگای کەمالیستەوە.

لەنێــو هەلومەرجێکی ئاوادایە کە داننــان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك «شەریك» و پێشنیارکردنی پرۆژەی ئاشتی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا، نەك هەر بەتەنها پێوەندیەکانی هێز لە کوردستاندا دەگۆڕن، بەڵکو لەنێو کێڵگەی سیاسی تورکیشدا، دەســتکاری پێگە مێژووییــەکان دەکەن. لەنێو ئــەم کێڵگەیەدا، هەژموونی ئەو ئەکتەرانەی کە شەرعیەتی خۆیان لەسەر دووانەی ئاسایش و ســەقامگیری دروســتکردبوو، تەواو کاڵدەبێتەوە و لێرە بەدواوە دەبن بە پێگەی «هەژموون لەسەرکراو». یەکەم دەرەنجامی ئەم گۆڕانکاریەش بریتییە لەوەی کە چیدی نۆرم، بەها، بەرژەوەندی و گرەوەکانی ئەم ئەکتەرانە نابن بە پێکهێنەری سیستمی سیاسیی جمهوریەتی تورکیا، بەلای کەمەوە لە ئێستا و ئێرەدا.

لە دە ساڵەی ڕابردوودا، چەند هەژموونی لایەنگرانی ستراتیژیەتی نەفیکردن لەنێو کێڵگەی سیاســی تورکیدا کاڵبووبێتەوە، هێندەش کارایی سوپا و مۆدێلی مامەڵەکردنی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پاشەکشەی کردووە. بەڕادەیەك کە لە ئێستا و ئێرەدا، حکومەتی تورکیا وەك تاکە ئەکتەری تورکی، تەواوی کلیلەکانی دیاریکردنی ســتراتیژیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووبەری کوردیدا لە دەستدایە.

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

# کەلتووری تۆلێرانس دژ بە مەرگدۆستیی توندڕەوان



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

تۆلێرانس (ئەگەر بشێت بڵێین لێبووردەیی) دانان و ڕێپێدانە بەئەوی دیکە بۆ ژیان لەژینگەیەکی ئاشتیی دوور لەتوندوتیژیی و ترساندن.

تۆلێرانس لەسەدەی شازدەی زاینییەوە، وەك چەمکێکی ئەخلاقیی و ڕەفتاریی بەرامبەر ئایینزاکانی دیکە هاتە ئاراوە، کاتێك پەیڕەوکارانی توندڕەوی ئایینزاکانی ئەوروپا جەنگی خوێناوییان لەدژی یەکدی بەرپاکردبوو.

لەسەدەی حەڤدەی زاینیشدا بووە چەمکێکی یاسایی بۆ حوکمکردنی یاسا بەرەو فرەیی و مافی جیاوازبوون و پاراستنی تایبەتمەندیی مرۆڤەکان و، ڕەچاوکردنی مافیان لەئازادیی و ئەرکیشیان لەبەپرسیارێتیدا.

## • هەندێك لەپێداویستییەکانی تۆلێرانس:

یەکەم: هەبوون و چەسپاندنی بنەمای هاووڵاتیبوون و یەکسانی و مافی جیاوازبوون و فرەیی و، چاودێریکردنی هەر گوفتارو ڕەفتارێکی جیاکاریی کە لەوانەیە ببێتە هۆی دروستکردنی پشێویی کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی.

دووەم: هەبوونی یاساو ڕێسای ڕێگر لە سەرپێچیکاران بەرامبەر ئایین و نەتەوەکان و، سزادانیشیان لە بەرامبەر سەرکێشیی و سەرپێچییەکانیاندا، چونکە تۆلێرانس بەمانای چاوپۆشین نییە لە ئەنجامدانی تاوانی ڕێکخراو.

سێیەم: هەبوونی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی دادوەریی، چونکە تۆلێرانس مانای دەستبەرداربوون نییە لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان.

چوارەم: هەبوونی پرۆگرامێکی پەروەردەیی و فێرکردن لەسەر بنەمای یەکسانیی، چونکە تۆلێرانس پەروەردەیە.

پێنجەم: هەبوونی ئازادیی ڕادەربڕین و پەخشکردنی بەهاکانی تۆلێرانس و پێکەوەژیان.

## • هەندێك لەبنەماکانی تۆلێرانس:

یەکەم: ڕێژەیی مەعریفە، واتە کاری مرۆڤ گەڕان و نزیکبوونەوەیە لە حەقیقەت، نەك بانگەشە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و مۆنۆپۆڵکردنی حەقیقەت و تێگەیشتنی ڕەها.

دووەم: کەس پارێزراو نییە لەهەڵەکردن، واتە مرۆڤی مەعسووم نییە لەنێو مرۆڤەکانی ئەم سەردەمەداو، هەموو مرۆڤێك شیاوی هەڵەکردنە.

سێیەم: قەبوڵکردنی فرەیی بەمانای ئەوەی کاتێك هەر کەسەو بەشێکی ڕاستییەکانی لەلا بێت، ئیدی لە فرە بوونی ڕاستییەکاندا، پێویستە فرەیی کەلتووریی و کۆمەڵایەتیی و ئاینیی و سیاسیی و ئابووریش بوونی هەبێت لەنێو کۆمەڵگەدا.

چوارەم: قەبوڵکردنی جیاوازبوون، واتە یەکدی قەبوڵکردن و خوێندنەوەی بەرامبەر لە ڕوانگەی ئەوەی مرۆڤەکان نابێت لە قالّب بدرێن و وەك یەك بیربکەنەوە.

پێنجەم: قەبوڵکردنی مافەکانی ئەوانی دی، ئەمەش ڕەهەندێکی یاسایی و سیاسیی هەیە کەوەك دەرئەنجامێکی تۆلێرانس پێویستە بەرجەستە بێت لە کۆمەڵگەدا.

شەشەم: دابینکردنی دادپەروەریی و یەکسانیی بۆ هاووڵاتیان لەبەرامبەر یاساداو، پێدانی هەلی وەك یەك لەکارو خزمەتگوزارییدا.

حەوتەم: دوورکەوتنەوە لە ڕابووردوو، واتە ژیان لە ئەمڕۆداو، دوورکەوتنەوە لە شەڕەکانی نێو کتێبەکانی مێژوو، ئەمەش بێگومان پرۆسەیەکی پەروەردەیی فراوانی دەوێت، ئەگەر نا، ئەوسا بیری توندڕەویی هەڕەشەی گەورەمان لێدەکات لەنێو نووسراوە ئاوەژووکراوەکانی مێژووەوە.

نووسەری عەرەب(سالم ئەلیامی) بە ڕەخنەگرتن لە واقیعی توندڕەوانەی ئێستای جیهانی ئیسلامیی، لە ئەمریکاوە لەبارەی گرنگیی و بایەخی پڕۆسەی پەروەردەییەوە دەنووسێت و دەڵێت:

((لە ئەمریکا (دکتۆر جێم)ی هاوڕێم پێیگوتم: گرفتی ئێوە لەوێوە دەست پێدەکات کە منداڵەکانتان لە قوتابخانەوە فێری ئەوە دەکەن تەنها بپرسێت: چی؟ فێری ناکەن بپرسێت: چۆن؟ بۆچی؟

پێمگوت: جیاوازیی چییە لەنێوان (چی؟) و(چۆن؟ و بۆچی؟)دا؟


پێیگوتم: چی؟ پرسیارێکە وەڵامەکەی تەلقین ئاسا منداڵ فێری تەسلیم بوون و لەبەرکردنی بێ بیرکردنەوە دەکات، بەڵام(چۆن؟ و بۆچی؟) فێری دەکەن کە وەڵام وەرنەگرێت هەتا قەناعەتی بۆ دروست دەبێت، بەمەش کە گەورە دەبێت عەقڵی خۆی بە ئاسانی تەسلیمی وەڵامە سواوەکانی ئایدیۆلیجیست و، بازرگانەکانی ئایین و، چەواشەکارانی مێژوو نەکات.

منداڵەکانتان فێر بکەن بپرسن: بۆچی دواکەوتین؟ بۆچی شەڕەکانی ڕابردوو ڕوویاندا؟

لێگەڕێن با ڕووە شاراوەکانی مێژوو بدۆزنەوە کە ئێوەی گەورەکان شاردوتانەوە، چونکە ژیان لەنێو مێژووی ئاوەژووکراودا، ناهێڵێت ئەقڵ بەڕووی فەزای ئازاددا بکرێتەوە)).

### جەنگیز چاندار ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورکیا بۆ گوڵان:

# عێراق نەبێتە کۆنفیدراڵی کوردستان سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێت



**چەنگیز چاندار یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە گەورە و ناودارەکانی تورکیا لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان و یەکێکە لەو کەسانەی کە زیاتر لە سێ دەیەیە کار بۆ برایەتیی کورد و تورک دەکات و هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشتیانە کێشەی کورد چارەسەر بکرێت، هەروەها یەکێکە لەو چاودێرە سیاسییانەش کە لەنزیکەوە چاودێریی سیاسەتی ئەمریکا و ڕووداوەکانی عێراق و بارودۆخی هەرێمی کوردستان دەکات، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم ڕەوشە ئاڵۆزەی عێراق ئەم وتووێژەمان لەگەڵ جەنگیز چاندار ئەنجامداو بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** وا نزیکەی دوومانگ بەسەر هێرشەکەی داعش بۆ کۆنترۆڵکردنی موسڵ و نەینەواو تکریت و بەشێکی فراوانی پارێزگای ئەنبار تێدەپەڕێت و خەریکە دەوڵەتە ئیسلامیەکەی داعش دەبێتە دەوڵەتی ئەمری واقیع، لەبەرانبەردا هەست دەکەین هەتا ئێسا ئیدارەی سەرۆک ئۆباما هەر پابەندە بە حکومەتەکەی نوری مالیکی کە هۆکاری ئەم هەموو کاولکاریەیە لە عێراقدا، ئایا مەزندە دەکرێت ئەمریکا سیاسەتێکی تازە بەرامبەر بە عێراق پەیڕەو بکات؟**

- هەرچەند سەرنج لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق دەدەم، هەست ناکەم هیچ شتێك لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت، لەوانەیە هەندێك گۆڕانکاری لە سیاسەتە کۆنەکەی بکات، بەڵام هەر هەمان سیاسەت پێڕەو دەکات و هێشتا بەدوای ئەوەدا وێڵە کە عێراق هەمان ئەو عێراقە بێت کە ناوەندەکەی بەغدا بێت.

*** لە ئێستادا حکومەتی ناوەندی عێراق کە هەموو داهاتی عێراقی لەبەر دەستە، مووچە و بودجەی هەموو عەرەبی سوننەی بڕیوە بە بیانووی ئەوەی شارەکانیان لەلایەن داعش کۆنترۆڵ کراون، ماوەی هەشت مانگیشە مووچە و بودجەی کوردستانی بڕیوە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو داهاتی عێراق تەنها بۆ یەك پێکهاتەیە کە ئەویش پێکهاتەی شیعەیە، ئایا تاچەند ئەم سیاسەتە هەڵەیە زەمینە بۆ شەڕێکی خوێناوی مەزهەبی نێوان شیعەو سوننە و شەڕێکی خوێناوی نێوان کورد و شیعە خۆش دەکات؟**

- ئەوەی ئێستا بە کردەیی لە عێراق ڕوودەدات شەڕێکی مەزهەبی خوێناوی نێوان عەرەبی سوننە و شیعەیە، لە ئێستا تیرۆریستانی داعش بە کەیفی خۆیان دێن و دەچن، بەڵام هێشتا ئەمریکا پێیوایە ئەم مەسەلەیە بە گۆڕینی نوری مالیکی و دانانی سەرۆك وەزیرانێکی دیکەی شیعە چارەسەر دەبێت، یان بەمانەوەی مالیکی و پێدانی هەندێك بە دەسەڵات بە سوننەکان و گۆڕینی سیاسەتی خۆی لەهەمبەر کورد پرسەکە چارەسەر دەبێت، بەڵام ئەم کێشەیە لەوە ئاڵۆزترە بەو شێوەیە چارەسەر بێت، ئەمریکاش هەتا ئێستا لەو دوو بژاردەیە زیاتری لەبەردەست نییە.

*** ئێستا لە عێراقدا تەنها ناوچەیەك ئارام و سەقامگیر بێت و هەنگاو بەرەو دیموکراتی هەڵبگرێت، هەرێمی کوردستانە. ئەم هەرێمە لەلایەك بۆتە دراوسێی دەوڵەتێکی تیرۆریستی، لەلایەکی دیکە زیاتر لە یەك ملیۆن پەنابەری لەخۆی گرتووە، ئایا کاتێك حکومەتی عێراق گەمارۆی ئابووریشی دەخاتە سەر، ئەمە مانای ئەوە نییە هێزێکی دیموکراتی لەبەرامبەر تیرۆریستان لاواز دەکرێت؟**

- بێگومان سەپاندنی گەمارۆی ئابووری لەم بارودۆخە کە لایەك هەرێمی کوردستان شەڕی تیرۆر بکات و لەلایەکی دیکە ئەو هەموو ئاوارەیە پێشوازی بکات، ئەمە هەوڵێکە لەلایەن مالیکەوە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لاواز بکات و ملکەچی گوشارەکانی بێت، ئەمەش وەنەبێت شاراوە بێت لای هەموو جیهان ئاشکرایە، بەڵام دەوڵەتە گەورەکان سەیری بەرژەوەندی خۆیان دەکەن، هەروەها ئەم سیاسەتەی مالیکی لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق یەکناگرێتەوە.

*** بەپێی هەموو بنەما سەربازییەکان، ئێستا سوپای عێراق شەڕی داعشی پێناکرێت و تەنانەت زۆر بە زەحمەتیش دەتوانێت بەرگری لە بەغدا بکات، تەنها بەرەیەك کە بتوانرێت تیرۆریستانی تێدا بشکێنرێت، بەرەی کوردستان کە خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە، ئایا تاچەند گرنگە هاوکاری کوردستان بکرێت بۆ ئەوەی هەموو لایەك لە شەڕی تیرۆریستان سەرکەوتووبن؟**

- بێگومان ئەم پرسە زۆر زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەگەر پێشمەرگە نەبووایە هیچ هێزێك نەیدەتوانی پارێزگاری لە عێراق بکات، وەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد سوپای عێراق خۆی نەگرت و تێکشکا، بۆیە بە بۆچوونی من ئیدی عێراقێکی یەکپارچە وەك پێشان بوونی نەما، یان ئەوەتا کوردستان سەربەخۆ دەبێت و سەربەخۆیی خۆی ڕادەگەیەنێت، یان ئەوەیە دەبێت کۆنفیدرالیەتێکی زۆر فراوان پیادەبکرێت بۆ ئەوەی یەکپارچەیی عێراق بپارێزرێت، بۆیە من لەگەڵ ئەو سیاسەتەی ئەمریکا نیم کە هەوڵ بۆ سەنترالیزەکردنی بەغدا دەدات، ئەمەش سەرکەوتوو نابێت.

*** ئەوەی بووە هۆکاری ئەوەی عێراق دابەش ببێت بۆ سێ دەوڵەت، سیاسەتی هەڵەی نوری مالیکی سەرۆك وەزیران و کەمتەرخەمی ئەمریکا بوو بە چاوپۆشین لە سیاسەتە هەڵەکانی مالیکی، بۆیە ئێستا ٣ دەوڵەت بە ٣ سیستمی جیاواز لە عێراقدا لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەیە، ئایا کە نەتوانرێت عێراق جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ عێراقێکی یەکپارچە و یەکگرتوو، بۆچی ئەمریکا و جیهان پشتگیری لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ناکات لە عێراقدا؟**

- ئەوە ڕاستە بۆ ئێوە وەك کورد زۆر ڕوونە کە ئیدی عێراق یەکپارچە نییە، بەڵام هەتا ئێستا لە ڕوانگەی سیاسەت و بەرژەوەندی ئەمریکاوە ئەم پرسە ڕوون نییە و نایەنەوێت ئەمە بسەلمێنن، لەبەر ئەوەی ئەمریکا بە پێوەری بەرژەوەندییەکانی خۆی سەیری مەسەلەکان دەکات و بڕیاری لەسەر دەدات، بۆیە زۆر پرس هەیە واقیعیە و زۆر ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا یەك نەگرێتەوە، ئەوا بەچاوی واقیع سەیری ئەو پرسە ناکات، بارودۆخی ئێستای عێراقیش ئەو واقیعەیە کە ئەمریکایە نایەوێت وەك خۆی بیبینێت.

*** ئەمریکا شەڕی سوریای دۆڕاند، ئاشکرایە ڕوسیا و ئێران و ئەسەد و حزبوڵڵا براوە بوون، ئێستا لە عێراقیش دووبارە مالیکی و ئێران و ڕوسیاو حزبوڵڵا بە ئاشکرا هاوپەیمانن، ئایا ئەگەر عێراقیش بدۆڕێنێت، ئەمریکا تاچەند لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیانمەند دەبێت؟**

- کێ براوە دەبێت؟ یان چی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودەدات؟ یان ئەو زیان و قازانجەی ئێوە باسی دەکەن، لەوانەیە لەگەڵ تێڕوانینی ئەمریکا جیاواز بێت، پرسیاری من ئەوەیە ئەگەر ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵەی کردو، سیاسەتەکانی لەو ناوچەیە کاریگەری نەبێت، کێ زەرەر دەکات؟ یان ئەمریکا چ زیانێکی پێدەگات؟ ئایا هیچ شتێك لەبوونی بەهێزترین دەوڵەت لەم جیهانە کەمدەبێتەوە؟ بێگومان نەخێر، گرنگترین پێوەر بۆ زیان و قازانجی ئەمریکا نەوتە، ئەمە لەکاتێکدا ئەمریکا خۆی بۆ پێویستی خۆی هیچ پێویستی بە نەوت و گازی دەرەوە نییە، بەڵام کاتێك هەڵە دەکات، خەڵکی ناوچەکە باجەکەی دەدەن.

**هەست ناکەم هیچ شتێک لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت، لەوانەیە هەندێک گۆڕانکاری لە سیاسەتە کۆنەکەی بکات، بەڵام هەر هەمان سیاسەت پێڕەو دەکات و هێشتا بەدوای ئەوەدا وێڵە کە عێراق هەمان ئەو عێراقە بێت کە ناوەندەکەی بەغدا بێت**

**سەپاندنی گەمارۆی ئابووری لەم بارودۆخە کە لایەک هەرێمی کوردستان شەڕی تیرۆر بکات و لەلایەکی دیکە ئەو هەموو ئاوارەیە پێشوازی بکات، ئەمە هەوڵێکە لەلایەن مالیکەوە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لاواز بکات و ملکەچی گوشارەکانی بێت**

**ئەمریکا بە پێوەری بەرژەوەندییەکانی خۆی سەیری مەسەلەکان دەکات و بڕیاری لەسەر دەدات، بۆیە زۆر پرس هەیە واقیعیە و زۆر ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا یەک نەگرێتەوە، ئەوا بەچاوی واقیع سەیری ئەو پرسە ناکات، بارودۆخی ئێستای عێراقیش ئەو واقیعەیە کە ئەمریکایە نایەوێت وەک خۆی بیبینێت**

# دیموکراتیەت ڕۆشنبیرییە



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

بۆ گوڵان دەینووسێت

**جاك دریدا دەڵێت: ((ئەگەر بتەوێت دیموکراتیی بیت، واتا پێویستە هەمیشە وتەو ڕەفتارەکانت بەراورد بکەیت بەوەی کە تۆ لە کۆمەڵگەیەکی نادیموکراتیدا دەژییت.)) کەواتە دیموکراتیەت دۆخێکی نائومێدییە، هەمیشە هاوکوفە بە هەست بەکەمسەریکردن و ناکامڵبوون، هاوکوفە بە مەحاڵبوونی وەدیهاتن، سەیرەکە لەوەدایە ئەم مەحاڵبوونە خۆراکی ڕاستەقینەی دیموکراتیەتە، دیموکراتیەت دروست نابێت تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە دروست بوونی زەحمەتە، بریتییە لە ڕەفتارە مەحاڵبووەکان وەك هەر هزراندنێك و ڕۆحێکی ڕەخنەئامێزو تازەگەری و داهێنانێکی ترە، هەموو ئەم کاروبارانە کار ناکەن مەگەر لە بارێکی قەیراناویدا نەبێت، یان لە کاتی هەست کردن بە قەیراندا نەبێت، دروستبووی قەیرانەکانە، دیموکراتیەتی ڕاستەقینە لە قەیرانی دیموکراتیەت جودا نابێتەوە، وەك چۆن عەقڵانیەت جودا نابێتەوە لە قەیرانی عەقڵانیبوون، داهێنانیش بەستراوەتەوە بە قەیرانی داهێنانەوە..**

بەکارهێنانی نوێ بۆ وشەی (ڕۆشنبیری) خۆی دەسەپێنێت بەسەرماندا، ئەم بەکارهێنانەش لەو واتایانە دوورمان دەخاتەوە کە پێشتر پێی ڕازی بووین و لەسەریان ڕاهاتبووین، گەرچی کۆدەنگیی فراوان لەسەر واتای ئەو چەمکانەش نەبوو، بەڵام لە بنەڕەتدا دەخرانە قاڵبی واتا ئەنسرۆپۆلۆژیەکەیەوە، بەوشێوەیە وامان لێ هات کە ئەمرۆ قسەبکەین لەسەر ڕۆشنبیری سینەمایی و ڕۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ و ڕۆشنبیری لێبوردەیی و ڕۆشنبیری دیموکراتی و...تاد.

بەدیهیە کە زاراوەکە لێرەدا وەرناچەرخێت بۆ پێوەندی کردن بەو توێژەی کە پێیان دەوترێت ڕۆشنبیران یان ڕۆشنگەرانەوە، تەنانەت واتاکانی مەعریفەو دەرئەنجامەکانی ناگرێتەوە، هەروەها هێماش نییە بۆ واتاکانی چڤاکی و شارستانیبوون، تەنانەت واتا ئەنسرۆپۆلۆژیەکەی کە مەبەستمانە ئەوەش ناگرێتەوە، بە نموونە کاتێك لەسەر ڕۆشنبیری گەلانی سەرەتای مرۆڤایەتی قسەدەکەین، گریمانەی ئەوەش دەکەم کاتێك لەسەر ڕۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ دەدوێم بە نموونە نزیك دەبینەوە لە واتا ئۆرگیناڵیە فەرەنساییەکەی کە پێی دەوترێت کەڵچەر، ئەم وشەیە لێرەدا کشتیاری ناگرێتەوە وەك سەرەتا وا بە مێشکماندا دێت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ زاراوە ڕەسەنە ئەڵمانیاییەکەی کە لە وشەی بایدیای گریکی نزیکە..

بایدیای گریکــی وەرگێڕانی بۆ عارەبــی بە هاوواتای پــەروەردەو پێگەیانــدن و ڕاهێنان ســاناتر دەردەچێت، لە ڕاستیدا ئەمە ئەو واتایەیە کە باو بووە لە بەرانبەر وشەی ڕۆشنبیری زمانی عارەبیدا..

کاتێك لەسەر ڕۆشــنبیری مافەکانی مرۆڤ دەدوێین بە نموونــە ئەمە وەرناگێڕدرێت بۆ دەرئەنجام و مەعریفەیەك، مەبەســتمان لێی، تیــۆرو چەمکەکانیش نییــە، بەڵکو مەبەســتمان لە پــەروەردەو پێگەیاندن و دروســتکردنە، پەرەوەردەکردنێك لەسەر مافەکانی مرۆڤ و پێداویستیەکانی، هاوکوف بە هەر پەروەردەیەکی تر کە پێویستی بە ئارامی و وەرزش و مەشق و ڕاهاتنە، هەروەها پێویستی پێشکەوتن و کشانەوەیە، ڕاستکردنەوەو چاککردنەوەیە، پێویستی بە هەر ڕاهاتنەوەیەکی تری تاکە لەسەر قبوڵکردنی جیاوازیەکان و خۆسازان لەگەڵ ئەویدیکە..

ئەم خۆپێگەیاندنەش لە نێوان شــەوو ڕۆژێکدا دروســت نابێت، بە هەڵدانەوەی پەڕەیــەك و قەدکردن و دادانەوەی پەڕەیەکی تر وەدینایەت، بەڵکو پێویستی بە کاتە، کەواتە بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ پڕ بە پێستی چاندن و خۆڕۆشــنبیرکردنە، کشاوەرزییە لەسەر خاکێکی سەخت..

کەواتە وشەی ڕۆشنبیری لە واتا نوێیەکەیداو لە میانەی هەمــوو ئەو نموونانەی هێنامنەوە، لــە بنەڕەتەکەیدا ئەم کشتەوەری و چاندنە دەگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەی پێویستێتی لە سەرپەرشتی و چاودێری و بەدواداچوون..

بە ڕێکی ئەم واتایەیە کە مەبەستمانە لێی کاتێك قسە لەسەر ڕۆشنبیری دیموکراتیەت دەکەین یان کاتێك بە دیموکراتیەت دەڵێین ڕۆشنبیری، چونکە دیموکراتیەت مەعریفەیەك نییە بۆ فێرکاری وانەی لەســەر بدرێت، زانستێك نییە بەدەست بهێنرێت، دروشمێك نییە بەرزبکرێتەوە، بەڵکو دیموکراتیەت پێگەیاندن و پەروەردەو مەشــق و ڕاهێنانە، ئەندازەو پرس و ڕاو تەگبیرە، ڕەفتارو ئەزموونکردنە، بەرنامەیەکە ڕەنگە لە دوای چەند وەچەیەك وەدیبێت، بەرنامەیەکە بۆ چاندن تا لــە لۆکاڵ و لە ناو هەنــاودا ڕەگ دەردەکات، دەبێتە ڕەفتارێکی ڕۆژانەو شەوانەی تاك، واتا بایدیایە تێکۆشان و خەباتە، هاوشــانە بە هەموو داهێنراوێك کە ناڕازیبوون و کەموکــوڕی لەناویدا هەســت پێدەکرێت، خواســتێکی بەردەوامە بۆ پەلوپۆهاویشــتن و کامڵبوون، کەواتە نامۆ نەبێت بەلامانەوە دروشمی دیموکراتیەت وەك ئەوە بێت کە جــاك دریدا دەڵێت: ((ئەگەر بتەوێــت دیموکراتیی بیت، واتا پێویستە هەمیشــە وتەو ڕەفتارەکانت بەراورد بکەیت بەوەی کە تۆ لە کۆمەڵگەیەکی نادیموکراتیدا دەژێیت.))

کەواتــە دیموکراتیــەت دۆخێکی نائومێدییە، هەمیشــە هاوکوفــە بە هەســت بەکەمســەریکردن و ناکامڵبوون، هاوکوفە بــە مەحاڵبوونی وەدیهاتن، ســەیرەکە لەوەدایە ئەم مەحاڵبوونــە خۆراکی ڕاســتەقینەی دیموکراتیەتە، دیموکراتیەت دروســت نابێت تەنیا لــەو کاتەدا نەبێت کە دروست بوونی زەحمەتە، بریتییە لە ڕەفتارە مەحاڵبووەکان وەك هەر هزراندنێك و ڕۆحێکی ڕەخنەئامێزو تازەگەری و داهێنانێکــی ترە، هەموو ئەم کاروبارانە کار ناکەن مەگەر لە بارێکی قەیراناویدا نەبێت، یان لە کاتی هەســت کردن بە قەیراندا نەبێت، دروستبووی قەیرانەکانە، دیموکراتیەتی ڕاســتەقینە لە قەیرانی دیموکراتیەت جودا نابێتەوە، وەك چۆن عەقڵانیەت جودا نابێتەوە لە قەیرانی عەقڵانیبوون، داهێنانیش بەستراوەتەوە بە قەیرانی داهێنانەوە..

بەو مانایە بێت قەیران بە واتای وەستان و ڕاگیران نایەت، بەڵکو بریتییە لە بزاڤ و هەڵچوون و پەرەســەندن، قەیران ئەو بارەیە کە ڕۆح تێیدا هەڵدەچێت بۆ ئەوەی ببێتە ڕۆحی گۆڕان، ڕەخنە تێیدا چەکــەرە دەکات و پەلوپۆ دەهاوێت، دیموکراتیەت تێیدا دروســت دەبێت و داهێنانی ڕاستەقینە نەشونما دەکات تێیدا.

مێژووڕاســتێتی ئەم بەراوردکردنانە پشتڕاســت دەکاتەوە، هەموو ئەو ماوانەی بە ماوەی هەوڵدان بۆ چەســپاندنی دیموکراتیەت دەناســرێن بریتییە لە مــاوە قەیراناوییەکان، هەمــوو هەوڵــەکان بــۆ ڕزگاری و ئازادی هاوشــان بووە بــە ماوەکانی ململانــێ و قەیــران و نیگەرانیی، بەرپەرچدانەوەکانــی ئەمەش لەو بەرگرییــە دەرەکیانەدا ناوەســتێت کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم بە دیموکراتیبوون و ڕزگاربوون و تازەکردنەوەو ئازادیدا، بەڵکو سەرچاوەکانی لــە بنەڕەتدا هەر لە سروشــتی دیموکراتیەت و ئازادی و عەقڵانیبوون و تازەگەریدایە، ئەم شــتانەش لەناو تەگەرە زاتیەکانیدا واتابەخشــە، نەك بەو مانایــەی تەگەرەبێت لەبەردەم زاتی خۆی و ببێتە کۆســپ لەبەردەم خۆیدا، بە واتایەکی تر وا تەماشای خۆی دەکات وەك بەرگریکارێك، خۆی وەك هەبوونێکی نەفی و ڕەتکراوەو نەرێنی دەبینێ نەك ئەرێنی.. هەســت بە پێداویستی زیاتر دەکات چەندە دەوڵەمەندیش بێت، هەســت بە تینوێتــی دەکات چەندە تێرئاویش بێت، هەســت بە کەمی دەکات چەندە کامڵیش بێــت، ئەمەش بەدینایەت تــا وەدیهاتنی زەحمەت نەبێت، دروست نابێت تا ئەو کاتەی پێکهاتنی ئاستەم نەبێت..

کەواتــە دیموکراتیەت وەك عەبدوڵڵا عەرەوی لەســەری دەنووســێت بریتییــە لە: ((لە ئاســۆو لە نــاو هەناودا دروســت نابێت تەنانەت لە پاش شــۆڕش و گۆڕانکاریی سەرتاسەریشــدا.)) بەڵکو دیموکراتیــەت بریتییە لەوەی ئەزمــوون دەکرێت و دەبینرێت و دەســتی لــێ دەدرێت، ئەوەیە کە نابێژرێت، بەڵام نوێدەبێتەوەو ڕاســت دەکرێتەوە. کەواتــە بە گوزارشــتی عەرەوی دیموکراتیــەت بریتییە لــە ((نۆژەنکردنەوەیەکی بەردەوام بــۆ لێکجودابوونەوەی تازەکارانە.))

**دیموکراتیەتی ڕاستەقینە لە قەیرانی دیموکراتیەت جودا نابێتەوە، وەك چۆن عەقڵانیەت جودا نابێتەوە لە قەیرانی عەقڵانیبوون، داهێنانیش بەستراوەتەوە بە قەیرانی داهێنانەوە**

**دیموکراتیەت پێگەیاندن و پەروەردەو مەشق و ڕاهێنانە، ئەندازەو پرس و ڕاو تەگبیرە، ڕەفتارو ئەزموونکردنە، بەرنامەیەکە ڕەنگە لە دوای چەند وەچەیەك وەدیبێت، بەرنامەیەکە بۆ چاندن تا لە لۆکاڵ و لە ناو هەناودا ڕەگ دەردەکات**

**قەیران بە واتای وەستان و ڕاگیران نایەت، بەڵکو بریتییە لە بزاڤ و هەڵچوون و پەرەسەندن، قەیران ئەو بارەیە کە ڕۆح تێیدا هەڵدەچێت بۆ ئەوەی ببێتە ڕۆحی گۆڕانکاری، ڕەخنە تێیدا چەکەرە دەکات و پەلوپۆ دەهاوێت، دیموکراتیەت تێیدا دروست دەبێت و داهێنانی ڕاستەقینە تێیدا نەشونما دەکات**

---

* **بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕیبات**



هدية



دیاری دەزگای خێرخوازیی بارزانی




# دەزگای خێرخوازیی بارزانی
# فریادڕەسی هاوکاری مرۆیی
# لە نێو کارەسات و ڕووداوەکاندا








موسا ئەحمەد

**جێگری سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ (گوڵان):**

# لەهەرشوێنێک کارەسات بووبێ و پێویستی بە هاوکاری مرۆیی هەبووبێ، دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەوێ ئامادە بووە

لەسەرەتای دامەزراندنیەوە دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاری بە میتۆدی فریادڕەس بۆ ئەو کەسانەی پێویستیان بە هاوکاری مرۆیی هەیە کاری کردووە و لەم بوارەشدا بێ لەبەر چاوگرتنی نەتەوەو ئایین خزمەتی هەموو لایەکی کردووە لە هەرشوێنێك لێقەوماوان پێویستیان بەهاوکاری بووبێت، دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەوێ ئامادەبووە. ئەم دەزگا خێرخوازییە توانیوویەتی هاوکاری سەدان خێزانی لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی شاری (وان) و ٧٥٠خێزانی زەرەرمەندی لافاوەکەی خوارووی عێراق بکات و فریای سەدان هەزار کوردی کارەساتباری ڕۆژئاوای کوردستان لەناوخۆی هەرێم و لەسوریا بکەوێت و، یارمەتی خێزانە ئاوارەکانی مەسیحی و یەزیدییەکانی پارێزگای موسڵ بدات و ١٠ هەزار منداڵی دوور لەنازی باوك لەپارێزگاکانی کوردستان سوودمەند بن لەپرۆژەی ئازیزان و خێوەت و ئازوقەو کەلوپەل و دەرمان بۆ دەیان کەمپی پەنابەران دابین بکات، ئەمە جگە لە دەیان پرۆژەی تەندروستی و ڕۆشنبیریی و پەروەردە و بەهاناچوونی سەدان خێزانی هەژارو کەمدەرامەتی کوردستان. کاتێك وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان سەردانی هەردوو کەمپی (خازر و کەورگۆسك)مان کرد، دیمەنی سەدان خێوەت هاتە پێش چاومان کە خەڵکی لێقەوماوی پارێزگاکانی تری عێراق و کوردانی ڕۆژئاوا لە سوریا تێیدا نیشتەجێیە

و لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانییەوە کۆمەك و هاوکاری دەکرێن، لە دەروازەی کەمپەکەش دروشمێکی دەزگاکە دێتە پێش چاوت کە وتەیەکی بارزانییە کە فەرموویەتی: (شانازییە بۆ مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت)، ئەمەش هەمان دووبارە بوونەوەی ئەو دیمەنەیە لەو ناوچە ئازادانەی کە لەژێر سایەی بارزانی بووە وەکو چەترێك بووە بۆ خەڵکی کوردستان و بگرە ئەوانەی ڕووشیان لەکوردستان کردووە. ئەوەتا لەکەمپی خازر کە ٧٠٠خێوەت بەسەر نزیکەی ٥٠٠٠ کەس دابەشکراوە ئاوارەکانی نیشتەجێبووی ئەو کەمپە باس لەمرۆڤدۆستی ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی و بەخێرا بەهاناچوونی ئاوارەکانەوە دەکەن کە سەرەڕای سەپاندنی گەمارۆی بودجەو مووچە بەسەر هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، بەڵام سەرۆکی کوردستان فەرمانی هاوکاریکردن و پاڵپشتیکردنی هەموو ئەو ئاوارەو دەرکراوانەی دا کە ڕوویان لەهەرێمی کوردستان کردووە، ئاوارەکانی ئەو کەمپە نموونەی هەریەك لە وەلید یاسرو قەحتان محەمەدو خاتوو عاسیە محەمەد و محەمەد فەتحی وێڕای سوپاس و پێزانینیان بۆ بەڕێز سەرۆك بارزانی، لەهەمانکاتدا هاوکارییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی کە پێیانوابوو لەیەکەم ڕۆژی هاتنیان ئەو دەزگایە لەگەڵیاندایەو ڕۆژانە ئازووقەو کۆمەك و یارمەتیەکان ڕاستەوخۆ لە ڕێگای خۆیەوە یا بەهاوکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دابین دەکات؛ هاوکات داوایانکرد حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتی و کۆمەکی ئەو دەزگایە بکات تاوەکو کەموکورتیەکانی دیکەی کەمپەکەیان بۆ چارەسەر بکات بەتایبەتی لەرووی دابینکردنی بنکەی پزیشکی پسپۆڕو بنکەی تەندروستی و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی کارەباو ئاوەوە، هەروەها عەبدولعەزیز بن قەحتان کە سەرپەرشتیاری ڕێکخراوێکی خێرخوازیی کەنداو بوو دەستخۆشی لە دەزگای خێرخوازیی بارزانی کردوو پێیوابوو بەپێی توانا لەو بارودۆخە خراپەو قورسەدا کارەکانی ئەو دەزگایە جێگای دڵخۆشی و ڕێزە، دەزگای خێرخوازیی بارزانی کە دەزگایەکی ناحکومی خێرخوازیی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ڕۆشنبیری و مرۆییە، بەبێ جیاکاری بیروباوەڕو ئایین و ڕەگەز و ئینتمای ئیتنی کارە مرۆییەکانی پێشکەش بەخەڵکی کوردستان دەکات، ئەوەتا لەسەرجەم کەمپەکان دەستی هاوکاری و یارمەتی گەیاندۆتە ئاوارەو دەربەدەرەکان بەرادەیەك نەك تەنیا کوردەکان ڕێز لەو دەزگایە دەگرن، بەڵکو لەلایەن عەرەب و تورکمان و مەسیحیەکانیشەوە ڕێزی لێدەگیرێت. لەم ڕووەوە موسا ئەحمەد جێگری سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان وتی: (لەچەند ساڵی ڕابردوودا بۆ هاووڵاتیانی کوردستان و ناوچەکەو جیهانمان سەلماند کە هاوکاری و یارمەتیەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بێ ڕەچاوی هیچ جۆرە جیاکاریەك لەرووی نەتەوەو ئایین و بیروباوەڕی سیاسی لەعێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بەشێوەیەکی ڕێکخراو و شەفاف بەسەر هەژارو کەم دەرامەت و لێقەوماوەکان دابەش کردووە، بەمەش تارادەیەك توانیومانە ئێش و ئازاری منداڵ و خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت کەمبکەینەوە، لەگەڵ هاتنی بەلێشاوی ئاوارەکان و زۆربوونی ژمارەی کەمپەکان دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەسەرجەم کەمپەکانی وەکو ((کاوە و خازر و کەورکۆسك و دۆمێز و شێخان و چەندین کەمپی تر..)) ئازوقەو یارمەتی دابەشکردووە، هەروەها ئاوارەکانی بناری قەندیل و قەراج و چەمچەماڵ و بالیسان و بەحرکەو ڕزگاری لە گەرمیان و خێزانە ئاوارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەهەریەك لە جەژنیکان و بەحرکەو سێبەردانی بەسەرکردۆتەوە، هەروەها خێزانە کەم دەرامەتەکانی کەرکوك لەگەڕەکەکانی شۆڕش و ڕاپەرین و تەجنیدی کۆن و دەڤەری پشدەرو بتوێن و دارەتوو).

## • سەرەڕای گەمارۆکانی حکومەتی مەرکەزی ئاوارەکانی نەینەوا بەبێ جیاکاری هاوکاری کران

سەبارەت بەپارێزگای موسڵیش کە لەئاکامی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە ئەو پارێزگایە ڕووبەڕووی قەیرانێکی مرۆیی گەورە بووەوە بەتایبەتی دوای دەرکردنی پێکهاتەیەکی گرنگی وەکو مەسیحی لەپارێزگاکە، ئەوەبوو دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەکەمپەکان ئامادەبوو هەروەکو چۆن پێشتر خێزانە هەژارەکانی تلکێف و ئەلقوش و باتنیاو سکێ و تلسقوف و بەعشیقەو بەرتیلەی بەسەرکردۆتەوە، هەروا هاوکاری و یارمەتیەکانی ئازووقەی پێشکەش بەو ژمارە زۆرەی ئاوارە کرد. لەمبارەیەوە جێگری سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی وتی: (ئەوەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەدەزگا خێرخوازییە جیهانییەکان جیادەکاتەوە، خێرا بەهاناچوونی لێقەوماوان و ئاوارەکانە بەرادەیەك سوپاسنامەی فاتیکان و وەقفەکانی باشووری عێراق و چڤاتی بڵندی ئێزیدیان و دەزگا خێرخوازییە نێودەوڵەتیەکان باشترین بەڵگەن بۆ کاروچالاکی ئەو دەزگایە. لەدوای پەیامەکەی جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشەوە ئێمە یەکەمین دەزگای خێرخوازیی بووین کە بەپاڵپشتی خەڵکی دڵکراوەی کوردستان زوو فریای لێقەوماوەکانی موسڵ کەوتین و بەبێ جیاوازی نێوان عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعەو مەسیحی و تورکمان و ئاینزاکانی تر

**ئێمە وەکو دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەسەر ئەو فەلسەفەیە کار دەکەین کە بارزانی نەمر پێڕەوی کردووەو شانازی بەخزمەتکردنی میللەتی خۆیەوە کردووە**

**لەدوای پەیامەکەی جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشەوە ئێمە یەکەمین دەزگای خێرخوازیی بووین کە بەپاڵپشتی خەڵکی دڵکراوەی کوردستان زوو فریای لێقەوماوەکانی موسڵ کەوتین و بەبێ جیاوازی نێوان عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعەو مەسیحی و تورکمان و ئاینزاکانی تر هاوکاری و یارمەتیمان گەیاندە دانیشتووانی کەمپەکانی خازرو ئەلقۆش**

**ئەمڕۆ لەسایەی مرۆڤدۆستی خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کورد کوردستان بووەتە مەنزڵگەیەکی ئارام بۆ لێقەوماوان و هەموو نەتەوەکانی عەرەب و تورک و مەسیحی و ئایین و ئایینزاکانی نەک تەنیا عێراق، بەڵکو ناوچەکە بەگشتی**

**ئەوەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەدەزگا خێرخوازییە جیهانییەکان جیادەکاتەوە، خێرا بەهاناچوونی لێقەوماوان و ئاوارەکانە بەرادەیەک سوپاسنامەی فاتیکان و وەقفەکانی باشوری عێراق و چڤاتی بڵندی ئێزیدیان و دەزگا خێرخوازییە نێودەوڵەتییەکان باشترین بەڵگەن بۆ کاروچالاکی ئەو دەزگایە**

هاوکاری و یارمەتیمان گەیاندە دانیشتوانی کەمپەکانی خـازرو ئەلقۆش، هەروەها بەهۆی ئـەو پێوەندییەی کە جەنابی مسـرور بارزانی لەگەڵ کەسایەتی و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هەیەتـی توانیومانە ژمارەیەکی بەرچاو لەو رێکخراوانە ڕاکێشـینە کوردستان و پڕۆژەی باشی کۆمەك و یارمەتی بۆ دانیشـتوانی کەمپەکان پێشکەش بکەن. ئەمڕۆ لەسایەی مرۆڤدۆستی خەڵکی کوردستان و سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد کوردسـتان بووەتە مەنزڵگەیەکـی ئارام بۆ لێقەوماوان و هەموو نەتەوەکانی عەرەب و تورك و مەسـیحی و ئایین و ئایینزاکانی نەك تەنیـا عێراق، بەڵکو ناوچەکە بەگشـتی. ئێمەش وەکو دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەسـەر ئەو فەلسـەفەیە کار دەکەین کە بارزانی نەمر پێڕەوی کردووەو شـانازی بەخزمەتکردنی میللەتی خۆیەوە کردووە، لەم قۆناغەشدا زیاتر پێویسـتیمان بەو فەلسـەفەیە هەیە کەوایکردبوو نزیکبوونەوەیەکی باش لەنێـوان نەتەوەو ئایینزاکانی ئەو ناوچانـە هەبێت کـە بارزانی سـەرکردایەتی دەکرد کە ئەمڕۆ کورد شانازی بەو پێکەوەژیان و گیانی لێبووردەییە دەکات).

● **لەناوخۆی کوردستان و لە ڕۆژئاوای کوردستان هاوکاری گەیەنراوەتە ئاوارەو لێقەوماوەکان**

یەکێك لەو کارە گەورانەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ کوردانی ڕۆژئـاوا ئەنجامی دا، گەیاندنی ئازووقەو یارمەتیـەکان بوو بۆ ئەو ژمـارە زۆرەی کوردانی ئەو پارچەیەی کوردسـتان کە لەدەست شەڕو پێکدادانەکانی نێـوان ڕژێم و پارتە توندڕەوە ئیسـلامیەکان هەڵهاتبوون و ژمارەیـان بۆ نزیکـەی ٢٥٠ هەزار کـەس تێپەڕی کردووە، لەم ڕووەوە دەزگاکە دانیشـتووانی کەمپەکانی موقبلین لەسـنووری سـمێڵ و دۆمێزو کەورکۆسکی بەسـەرکردۆتەوە. وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان سەردانی یەکێك لەو کەمپانەمـان لەناحیەی خەبات کرد، ئەویش کەمپی کەورکۆسـگ بوو کە زیاتر لە ١٢٠ هەزار کەسەو بەسەر (٢٢٠٠) خێزاندا دابەشبوون و قوتابخانەو بنکەی تەندروستی و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی تێدا دامەزاروەو ژمارەیەك لەپەنابەرانمـان لەناو کەمپەکە دواند کە پێیان وابـوو دەزگای خێرخوازیی بارزانی لەریزی پێشـەوەی ئەو دەزگا نێودەوڵەتیانە دێـت کە هاوکاری و یارمەتی پەنابەرەکانی ڕۆژئاوای کوردسـتانی کردووە. لەمەشدا سوپاسی سەرۆکی کوردستانیان کرد، لەمبارەیەوە جێگری سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی پێی ڕاگەیاندین لەسەرەتای کارەسـاتەکەو هاتنی بەلێشاوی ئاوارەکانەوە ئێمـە گەورەتریـن هەڵمەتی کۆکردنـەوەی کۆمەك و پێشکەشـکردنی یارمەتیمان بۆ ئـاوارەکان لەناوخۆی




کوردسـتان و لەرۆژئاوای کوردستان دابین کرد، تەنانەت جگە لە دابینکردنی خێوەت بەهاوکاری ڕێکخراوی WFP مانگانە ئازووقە بەسـەر کەمپی دۆمێز دابەش دەکەین و تیمی پزیشـکی لەوڵاتانی بەریتانیاو ئەڵمانیاو سویدەوە هێناوەتە کوردسـتان و پشـکنینیان بۆ ٨٥٠پەنابەرانی کەمپـی دۆمێز لەدهـۆك کـردووە و ١٣ ئۆتۆمبێلی ئەمبوڵانسـیش نێردراوەتە ڕۆژئاوای کوردستان. ئەمە جگە لەدروسـتکردنی قوتابخانـەو دابینکردنی بنکەی تەندروسـتی و دامەزراندنی دەیان سەنتەری ڕۆشنبیری و هونـەری و مەشـق و ڕاهێنان.) لەنـاو دەزگاکەوە پێیان ڕاگەیاندین کە ئێسـتا ٥٠٠ خانوو بۆ پەنابەرەکان دروسـتکراوەو بەم نزیکانە ئەو خێزانانە دەگوازرێنەوە ئەو شوێنەو باروگوزەرانیان باشتر دەبێت.

● **پەروەردەو تەندروستی**

هاوشـانی جێبەجێکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی تر دەزگای خێرخوازیـی بارزانی لەچەندیـن بواری وەکو پەروەردەو تەندروسـتی و مەشـق و ڕاهێنان و هەڵمەتی خوێن بەخشین بۆ تووشـبووانی تالاسیما کاری کردووە،




بەرادەیەك بەسەدان قوتابی گوندە دوورە دەستەكان و قوتابیانی قەزاكانی دەشتی نەینەواو پارێزگای كەركوك و كەمپەكانی ئاوارە سوودمەند بوون لە هاوكارییەكانی دەزگاكە، تەنانەت لەشارەدێی شیلادزێ كارگەیەكی مافووری دەستكرد دامەزراو چەندین خولی فێربوونی مافوورچنین بۆ ئارەزوومەندانی ناوچەكە كرایەوە و خۆراك بەسەر چەندین خێزانی كەم دەرامەت دابەشكراوە و چەندین هاووڵاتی نەخۆشیش كە چارەسەریان لەكوردستان نەبووە، ڕەوانەی دەرەوەی وڵات كراوە.

**● خەڵكی هەژارو كەمدەرامەت و منداڵانی ئازیزان لە ڕیزبەندی پێشەوەی كارەكانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی دێت**

كۆمەك و یارمەتیەكانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی وەكو دەزگایەكی خێرخوازیی كە هیچ بودجەیەكی لەسەرۆكایەتی هەرێم و حكومەت و پارتێكی سیاسی وەرناگرێت، وەنەبێت تەنیا بۆ ئاوارەكان بێت بەڵكو كۆمەك و یارمەتیدانی خەڵكی لێقەوماوو هەژارو كەمدەرامەتی كوردستان لەریزبەندی پێشەوەی كارەكانیدایە و یارمەتیەكانی گەیشتۆتە دوورترین گوندو ماڵ لە كوردستاندا. هەر لەسەعدییەو خانەقینەوە تاوەكو شنگار.

جێگری سەرۆكی دەزگاكە پێیوایە شەفافییەت و ڕاستگۆیی لەكارو چالاكیەكانی ئەم دەزگایە وایكردووە چەندین كەسایەتی و بیزنسكارو كۆمپانیا لەرێگای ئەوانەوە هاوكاری پێشكەش بە لێقەوماوان و ئاوارەكان بكەن، ئەمڕۆ تا دێت لەئاكامی ئەو ئارامی و سەقامگیرییەی كە لەكوردستاندا هەیە ژمارەی ئاوارەو كەمپەكان ڕوو لەزیادبوون دەكات و دۆخەكەش ڕەنگە درێژە بكێشێت، هەربۆیە پێویستە پرۆسەی خێرخوازیی لەكوردستان بەیاساو ڕێنمایی ڕێك بخرێت و ڕێگانەدرێت كەسانێك لێرەو لەوێ زیان بەپرۆسەكە بگەیەنن، هەروەها پێویستە بەیاسایەك كۆمپانیاكانی كوردستان هانبدرێن بەشداری كۆمەك و كاری مرۆیی لەكوردستان بكەن و لەرووی باج و كارئاسانییەوە جیاوازی لەنێوان كۆمپانیایەك بكەن كە هاوكاری و پرۆژەی خێرخوازیی لەكوردستان هەیە لەگەڵ كۆمپانیایەكی تر كە لەوبوارەدا هیچ پێشكەش بەبواری مرۆیی و كوردستانی ناكات.